# پرسە نێودەوڵەتییەکان لە ڕوانگەی تیۆری ڕیاڵیزمەوە: پرسی ژینگە وەک نموونە

**پ. د. ئەنوەر مەحەممەد فەرەج*** **کۆسرەت خدر ابوبکر****

وشە کلیلییەکان: ڕیاڵیزم، پرسە نێودەوڵەتییەکان، پرسە باڵاکان، پرسە نزمەکان، ژینگە
https://doi.org/10.31271/jopss.10092

**پوختە**

ئاڕاستە جیاوازەکانی تیۆری ڕیاڵیزم؛ وەک ڕەسەنترین تیۆر بۆ لێکۆڵینەوەی پرس و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، لە کۆمەڵێک گریمانە و هێڵی گشتیدا نزیکن لە یەکتر، بەڵام لە وردەکاریدا لە یەکتری جیا دەبنەوە. ئەم توێژینەوەیە لە پرسە نێودەوڵەتییەکان و بەتایبەت پرسی ژینگە لە ڕوانگەی ئەو ئاڕاستە تیۆرییانەدا دەکۆڵێتەوە. بەشێوەیەکی گشتی تیۆرە ڕیاڵیستییەکان، کۆدەنگن لەسەر ئەو گریمانەیی کە پرسە نێودەوڵەتییەکان دەچنە چوارچێوەی (سیاسەتە باڵا، Hight Politics) و (سیاسەتە نزمەکان، Low Politics). بەڵام بەهۆی ئەوەی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا مەترسی و دەرهاویشتەکانی پیسبوونی ژینگە لەسەر ئاسایشی نێودەوڵەتی و جیهانی بە ئەندازەیەکی زۆر باڵا هەڵکشاون، سەبارەت بەم توێژینەوەیە ئەوە گرفتێکی سەرەکییە کە ئایا تەنانەت تاوەکو ئێستاش ژینگە لە ڕوانگەی ئاڕاستە جیاوازە ڕیاڵیستەکاندا پرسێکی لاوەکییە یاخوود نەخێر پێگە و ڕۆڵەکەی بەرەو بوون بە پرسێکی باڵا هەڵکشاوە یاخوود قابیلی جوڵە و هەڵکشانە؟ بۆیە لە ڕێگای پشتبەستن بە سەرچاوەی ڕەسەن و بە بەکارهێنانی هەریەک لە میتۆدەکانی (ئەنجامگیری Deductive)،( چۆنایەتی/ جۆری، Qualitative) و (کەیسی لێکۆڵینەوە، Case Studies)، هەوڵی لێکۆڵینەوە و شەنوکەوکردنی ئەو گرفتە زانستییە دراوە. لەپێناو پێکانی ئامانجەکانی و گرنگیدان بە دۆز و کێشە سەرەکییەکە، لێکۆڵینەوەکە بەسەر دوو باسی سەرەکیدا دابەش کراوە و، هەر باسێک چەند داخوازێکی کورت و پوخت لەخۆی دەگرێت. لە کۆتاییشدا توێژینەوەکە گریمانەی سەرەکی خۆی بە ئەرێ دەسەلمێنێت، کە لە ڕوانگەی تیۆرە جیاوازەکانی ڕیاڵیزمدا پرسەکانی پەیوەست بە بەرژەوەندی و ئاسایشی نەتەوەیی دەکەونە لوتکەی هەرەمی پرسە باڵاکان و، لە بەرامبەردا پرسە ژینگەییەکان دەکەونە ڕیزبەندییەکی نزمتر لەلای دەوڵەت و ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک جیاوازی لەنێوان ڕوانگەی ئاڕاستە تیۆرییەکانی ڕیاڵیزمدا تێبینی دەکرێت، بەتایبەت لە ڕوانگەی ڕیاڵیزمی بەرگریکاردا، پێویستە ژینگە لە هەندێک کات و دۆخ و شوێندا هاوشێوەی پرسێکی باڵا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بەڵام تیۆری ڕیاڵیزمی هێرشبەر لەو ڕووەوە ڕەشبینترینیانە.

**الملخص**

**القضايا الدولية من منظور النظرية الواقعية: قضية البيئة أنموذجاً**

تتشابه الإتجاهات المختلفة للنظرية الواقعية، باعتبارها النظرية الأكثر أصالة لدراسة القضايا

---

* پرۆفیسۆر لە بەشی زانستە ڕامیارییەکان، کۆلێژی زانستە ڕامیارییەکان، زانکۆی سلێمانی؛ کۆلێژی یاسا و ڕامیاری، زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی؛ anwar.faraj@uhd.edu.iq

** مامۆستای .یاریدەدەر لە بەشی فەلسەفە، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە؛ خوێندکاری دکتۆرا لە کۆلێژی زانستە ڕامیارییەکان، زانکۆی سلێمانی kosrat.khidir@uor.edu.krd

والعلاقات الدولية، وتقترب من بعضها البعض في عدد من الافتراضات والخطوط العامة، ولكنها تختلف فيما بينها في التفاصيل. تتناول هذه الدراسة القضايا الدولية وبشكل خاص القضايا البيئية في ضوء تلك الاتجاهات المنتمية للنظرية الواقعية. تتفق اتجاهات الواقعية بشكل عام على افتراض أن القضايا الدولية تصنف في إطار التفريق بين (السياسة العليا، Hight Politics) و(السياسة الدنيا، Low Politics). تقليديا تصنف القضايا غير الاستراتيجية والعسكرية والسياسية (ومنها قضية البيئة) ضمن قضايا السياسة الدنيا، لكن وبما أن تهديدات وعواقب التلوث البيئي على الأمن الدولي والعالمي قد ازدادت بشكل كبير، فإن المشكلة الرئيسية لهذه الدراسة هي محاولة الإجابة عن سؤال ما إذا كانت البيئة لا تزال قضية ثانوية (سياسة دنيا) من حيث الاتجاهات الواقعية المختلفة أم إنها ارتقت وأصبحت قضية رئيسية (سياسة عليا)، لذلك، قمنا ومن خلال الاعتماد على المصادر الأصلية واستخدام المناهج المختلفة (الاستنتاجية، Deductive) و(الكيفية، Qualitative) و(دراسات الحالة، Case Studies) بإجراء محاولة للتحقيق في هذه المشكلة العلمية وتحليلها. من أجل تحقيق أهداف الدراسة والتركيز على القضايا والمشكلات الرئيسية، تم تقسيم الدراسة إلى مبحثين رئيسيين، يحتوي كل منهما على عدة مطالب مختصرة وموجزة. وأخيراً، قامت الدراسة بإثبات فرضيتها الأساسية. فمن وجهة نظر الإتجاهات الواقعية المختلفة، فإن القضايا المتعلقة بالمصالح الوطنية والأمن تقع في قمة هرم قضايا السياسة العليا، بينما تقع القضايا البيئية في أسفل الهرم بالنسبة للدولة والفاعلين من غير الدول. ومع ذلك، هناك بعض الاختلافات بين الفروع النظرية للواقعية، خاصة في وجهة نظر الواقعية الدفاعية، ترى بضرورة التعامل مع البيئة على أنها قضية من قضايا السياسة العليا في بعض الأوقات والمواقف والأماكن، وفي الوقت نفسه فإن الواقعية الهجومية هي الأكثر تشاؤمًا.

**Abstract**

**International Issues from the Perspective of Realist Theory: the Environmental Issue as a Model**

Different directions of realism theory, as the most prominent theory for studying issues and international relations, are close in several hypotheses and general lines, but when coming to details, they are different. This study examines international questions and environmental issues in particular in terms of these theoretical directions. In general, realistic theories agree on the hypothesis that international issues can be classified into high politics and low politics. But because in today's world, the dangers and consequences of environmental pollution on international and world security have considerably increased, for this study, main question is that is environment in the perspectives of different directions of realism theory still a minor issue or has its role and position to become a key issue risen, or is it possible to rise? By relying on reliable sources and using each of deductive method, qualitative method and case studies, efforts have been made to investigate and address this scientific question. In order to achieve the goals and giving attention to the cause and the major problem, the study is divided into two main sections, each section includes accurate enquiries. Finally, the study positively proves its hypothesis, which in the perspective of realism theories, issues related to national interest and security are placed at the top of high issues pyramid, while environmental issues are given less importance by the state and international actors. However, at the same time, some differences in the understanding of realism theories are noticed, particularly in defensive realism, which claims that environment should be dealt with as an important subject in some places and stages of time, yet the offensive realism is the most pessimistic one in this aspect.

## پێشەکی:

هەرچەندە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان وەک لقێکی سەرەکی زانستی سیاسیی و بوارێکی گرنگ بۆ لێکۆڵینەوە، لەسەر هەردوو ئاستی تیۆری و پراکتیکی بەردەوام لە گۆڕان و نوێبوونەوە دایە، بەڵام هێشتا تیۆری ڕیاڵیزم وەک ڕەسەنترین و باڵادەسترین تیۆری ئەو بوارە، بەشێوەیەکی بەهێز پارێزگاری لە بەردەوامی و نەگۆڕانی کۆمەڵێک گریمانە و گوتەزای خۆی بۆ لێکدانەوەی پرس و بابەتە نێودەوڵەتییەکان دەکات. بەشێوەیەکی گشتی لە ڕوانگەی ئەدەبیاتی لێکۆڵینەوەی تیۆری سیاسی ڕیاڵیزمدا، لەسەرەتای دەرکەوتنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە تا سەردەمی ئێستا و تەنانەت بۆ داهاتووش، پرسە نێودەوڵەتییەکان لەلایەن دەوڵەتانەوە بە ڕیزبەندییەکی هەرەمی دابەش دەکرێن بۆ دوو پۆلێنی سەرەکی کە بریتین لە پرسە سەرەکی و پرسە لاوەکییەکان. یاخوود وردتر سیاسەتی دەوڵەتان دابەش دەکەن بەسەرهەردوو جۆری (سیاسەتە باڵا، Hight Politics) و (سیاسەتە نزمەکان، Low Politics). مەبەست لە سیاسەتە باڵاکان ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێک پرس و دۆسیە کە لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا و لەلای دەوڵەتان پێگە و شوێنێکی بەرزتر و باڵاتر دەگرن و ڕاستەوخۆ گوزارشتن بۆ ئەو پرسانەی کە پەیوەندییان بە بوارە ستراتیژی و سەربازییەکانی لەشێوەی بەرژەوەندی و ئاسایشی نەتەوەیی و مانەوە و هەژموونی دەوڵەتەوە هەیە. هەرچی سیاسەتە نزمەکانە، ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێک پرس و بابەت کە لە ڕیزبەندییەکەدا پلەیەکی نزمتر دەگرن و گوزارشتە بۆ کۆمەڵێک بابەتی پەیوەندیدار بە پرسە نائەمنییەکانی لەشێوەی پرسە ئابووری، کۆمەڵایەتی، تەندروستی، کەلتوریی و ژینگەییەکان و هتد... بەڵام هێشتا گوزارشتی "پرسە لاوەکییەکان یاخوود سیاسەتە نزمەکان" بەو مانایە نییە، کە لە ڕوانگەی تیۆری ڕیاڵیزمدا، ئەو پرسانەی دەکەونە چوارچێوەی ئەو پۆلێنەوە، پرسی کەمبایەخ و ناکاریگەر بن. بەڵکو دەکرێت هەندێک پرس و بابەتی نێو پۆلێنی پرسە لاوەکییەکان، لە هەندێک کات و دۆخدا؛ کاریگەریی و ئاستی گرنگیپێدانەکەی لای دەوڵەتان بۆ ئاستی پرسە باڵاکان هەڵبکشێت. ژینگە یەکێکە لەو پرسانەی کە لە ڕوانگەی هەندێک لە لقە تیۆرییەکانی ڕیاڵیزمدا، لە هەندێک کات و بارودۆخدا ئەگەری هەیە ئەو دۆخگۆڕانە ببینێت. وەستان لەسەر ئەو وردەکارییانە، دەبێتە پرسی سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

**کێشەی لێکۆڵینەوەکە:** کێشەی ئەم توێژینەوەیە خۆی لە چەند پرسیارێکی سەرەکیدا دەبینێتەوە، لەوانە:- پرسە نێودەوڵەتییەکان لە ڕوانگەی تیۆری ڕیاڵیزمدا بە چی شێوازێک پۆلێن و ڕیزبەند دەکرێن؟ ژینگە وەک پرسێکی نێودەوڵەتی لە ڕوانگەی لق و ئاڕاستە جیاوازەکانی تیۆری ڕیاڵیزمدا دەخرێتە کوێی ئەو پۆلێنبەندییەوە؟ ئایا ڕیاڵیزم بەسەرجەم لق و ئاڕاستەکانییەوە لە هەموو کات و بارودۆخێکدا، پرسی ژینگە و پیسبوون و گەرمبوونی گۆی زەوی بە پرسێکی لاوەکی و لە چوارچێوەی سیاسەتی نزمی دەوڵەتاندا پۆلێن دەکات یاخوود دەکرێت لەلای هەندێکیان و لە هەندێک کات و بارودۆخدا، ژینگە ڕۆڵی پرسێکی گرنگ و باڵا و سەرەکی بگێڕێت؟

**گرنگی لێکۆڵینەوەکە:** بەهۆی ئەوەی تاوەکو ئێستا لە ئەدەبیاتی زاڵی ناو لێکۆڵینەوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و تەنانەت لە دید و تێڕوانینی بەشێک لە پسپۆڕان و ئەکادیمیانی بوارەکەشدا، وادادەنرێت کە هەمیشە ژینگە پرسێکی لاوەکی و پێگەیەکی لاواز لە سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتاندا دەگرێت، تەنانەت هەندێکیان تا ئەو ئاستە دەڕۆن کە پێیان وابێت ژینگە بوار و پرسێک نیە کە ئەدەبیاتی لێکۆڵینەوەی تیۆری ڕیاڵیزم گرنگی پێ دابێت، ئەم لێکۆڵینەوەیە لە ڕووی زانستی و مەیدانییەوە گرنگی زۆری دەبێت. بەتایبەت چونکە بەشێوەیەکی تیۆری و زانستی و بە

پشتبەستنی سەرەکی بە تێڕوانین و چەمک و گریمانەکانی تیۆری ڕیاڵیزم و ئاراستە و لقە جیاوازەکانی؛ دەریدەخات کە هەرچەندە لە ڕووی پۆلێنبەندییە گشتییەکەوە، ژینگە بخرێتە چوارچێوەی پرسە لاوەکییەکان، بەڵام لە ناوەڕۆکدا هەندێک ئاراستەی تیۆری ناو قوتابخانەی ڕیاڵیزم، گرنگییەکی تایبەت بە پرسی ژینگە دەدەن و تەنانەت هەندێکجار هاوشێوەی پرسێکی سەرەکی کاریگەر لەسەر (پرسە باڵاکان، Hight Politics) مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن.

**ئامانجەکانی لێکۆڵینەوەکە:** ئامانجی سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتییە لە ڕوونکردنەوە و شرۆڤە و لێکدانەوەی گریمانەکانی تیۆری ڕیاڵیزم؛ سەبارەت بە پۆلێنکاری پرسە نێودەوڵەتییەکان و بەتایبەت پەیبردن بە ئاستی پێگە و شوێنی پرسی ژینگە لە سیاسەتی نێودەوڵەتی و لەلای دەوڵەت و یەکە نێودەوڵەتییەکان لە ڕوانگەی ئاراستە و لقە جیاوازەکانی تیۆری ڕیاڵیزمەوە.

**گریمانەی توێژینەوەکە:** لەپێناو وەڵامدانەوەی پرسیارە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە و هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی، توێژینەوەکە گریمانەیەکی سەرەکی لەخۆی دەگرێت کە بریتییە لەوەی:-

هەرچەندە لە ڕوانگەی گشتی تیۆری ڕیاڵیزمدا، پرسە نێودەوڵەتییەکان دابەش دەکرێن بەسەر پۆلێنی پرسە باڵا و نزمەکاندا و، لەو دابەشکارییەدا ژینگە ناخرێتە ناو پۆلێنبەندی پرسە باڵاکان، بەڵام لە ڕوانگەی هەندێک لە ئاراستە تیۆرییەکانی ڕیاڵیزمدا، هەتاوەکو پرسە ژینگەییەکان کاریگەری زیاتر لەسەر پرسە باڵا و سەرەکییەکان دروست بکەن، ئاستی شوێن و پێگە و ڕۆڵی ژینگە لە پرسێکی لاوەکییەوە بەرەو پرسێکی باڵا و بەرز لە سیاسەتی نێودەوڵەتی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا زیاتر هەڵدەکشێت.

**میتۆدەکانی توێژینەوەکە:** لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجەکان، وەڵامدانەوەی پرسیارە سەرەکییەکان و سەلماندنی گریمانەکانی توێژینەوەکە، ئەم لێکۆڵینەوەیە پشت بە چەند میتۆدێک دەبەستێت، لەوانە:

١. **میتۆدی ئەنجامگیری (Deductive Method):** ئەم میتۆدە بەکاردەهێنرێت لەپێناو وەرگرتنی گریمانەیەکی گشتی تیۆری ڕیاڵیزم سەبارەت بە پۆلێنکاری پرسە نێودەوڵەتییەکان بۆ پرسە سەرەکی و لاوەکییەکان و، کۆکردنەوەی تێز و ئەرگیومێنت و بۆچوونە ئەکادیمییە ڕەسەنەکان بۆ تاقیکردنەوەی گریمانەکە و سەلماندنی بە ئەرێ یاخوود نەرێ.

٢. **میتۆدی چۆنایەتی/جۆری (Qualitative Method):** ئەم میتۆدە لەپێناو شیکاری ناوەڕۆک و شرۆڤە و لێکدانەوەی ئەو کۆتەیشتن و زانیارییانە بەکاردەهێنرێت کە لە سەرچاوە جیاوازەکانەوە وەردەگیرێن و بۆ خزمەتی دۆزی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بەکاردەهێنرێن. هەروەک بۆ خوێندنەوە و ڕاڤەی ڕەخنەیی و هەڵسەنگاندنی زانیاری و بۆچوونە جیاوازەکان، سوودی لێ وەردەگیرێت.

٣. **میتۆدی کەیسی (Case Studies):** ئەم میتۆدە بەکاردەهێنرێت لەڕێی جەخت خستنەسەر پۆلێنکردنی پرسە نێودەوڵەتییەکان لە ڕوانگەی تیۆری ڕیاڵیزمدا بۆ پرسە سەرەکی و لاوەکییەکان و، وەستان لەسەر پرسی ژینگە وەک نموونەیەک؛ بەتایبەت لەو شوێنانەدا کە ئەگەر هەیە بەهۆی مەترسی و کاریگەری و دەرهاویشتەکانی ژینگە لە پرسێکی لاوەکییەوە هەنگاو بەرەو پرسێکی باڵا هەڵبگرێت یاخوود لە ڕوانگەی هەندێک لە لقە تیۆرییە ڕیاڵیستەکاندا هاوشێوەی پرسێکی باڵا یاخود گرنگ و سەرەکی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

**دابەشکردنی لێکۆڵینەوەکە:** جگەلە پوختە، پێشەکی و دەرئەنجامەکان؛ ئەم لێکۆڵینەوەیە لە دوو باسی سەرەکی پێک دێت، باسی یەکەم تەرخان دەکرێت بۆ ڕوانگەی تیۆری ڕیاڵیزم دەربارەی پرسە باڵاکان. هەرچی باسی دووەمە تایبەت دەبێت بە لێکۆڵینەوە لە پرسە لاوەکییەکان لە ڕوانگەی تیۆری ڕیاڵیزمدا، بەتایبەت بۆ وەستان لەسەر پرسی ژینگە وەک پرس یان کەیسێک بۆ لێتوێژینەوە.

## باسی یەکەم:

## پرسە باڵاکان لە ڕوانگەی تیۆری ڕیاڵیزمدا

زۆرێک لە زانا و تیۆرسێن و توێژەرەکانی چوارچێوەی ئاڕاستە جیاوازەکانی تیۆری ڕیاڵیزم لەسەر ئەو گریمانەیە هاوبەشن کە لە ژینگەی پاشاگەردانی نێودەوڵەتیدا (International Anarchy)، پرسە ستراتیژی و باڵاکان سەبارەت بە دەوڵەت و ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکان پەیوەندیدارن بە بەرژەوەندییە نیشتیمانییەکان. ئەو بەرژەوەندییانەش بەرلە زیان و قازانجی ئابووری، پەیوەندیدارن بە بەرژەوەندییە ئەمنییەکان و پرسە ستارتیژییەکانی لەشێوەی، هێز و بەتایبەت هێزی سەربازی، مانەوە، پاراستنی ئاسایش، بەرگری، هێرش، هەژموون و باڵادەستی. ئەم تەوەرەیە هەموو ئەو پرسانە لەژێر چەمکی پرسی "بەرژەوەندی و ئاسایشی نەتەوەیی"دا، وەک یەکێک لە پرس و ئامانجە گرنگ و ستراتیژییەکان لەچوارچێوەی (سیاسەتە باڵاکان، Hight Politics)ی دەوڵەتاندا، لە ڕوانگەی تیۆری ڕیاڵیزم و ئاڕاستە و نەوە جیاوازەکانییەوە؛ دەخاتە بەر لێکۆڵینەوە و وردبوونەوە.

### داخوازی یەکەم: ڕوانگەی ڕیاڵیزمی کلاسیک Classical Realism

ڕیاڵیستە کلاسیکییەکان تەواو بە پێچەوانەی ئایدیاڵیستەکانەوە، لەبەرچاوگرتنی ئەخلاق لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا ڕەت دەکەنەوە، پێیان وایە ژینگەی سیاسەتی نێودەوڵەتی ژینگەیەکە ململانێ تێیدا زاڵە و بەرژەوەندییە ناکۆکەکان تیایدا بەریەک دەکەون. بۆیە هەر دەوڵەتێک هەوڵی بەدەستهێنانی شەرعیەت و هێزی زیاتر بۆ خۆیی و پاراستنی ئەمن و ئاسایش و بەرژەوەندییەکانی خۆی دەدات[1]. هەربۆیە لە ڕوانگەی (ئیدوارد هالێت کار، Edward Hallet Carr)دا؛ هێز و ئامرازی سەربازی و پەنابردن بۆ جەنگ ئەگەرچی بژاردەیەکی خوازراو نییە، بەڵام بە پایە و پێویستییەکی سەرەکی سیاسەتی نێودەوڵەتی دەبینێت کە دەوڵەت لە کاتی پێویستدا وەک بژاردەی کۆتایی، پەنای بۆ دەبات. بۆ پشتئەستوورکردنی ئەو بۆچوونە ڕیاڵیستەشی وتە بەناوبانگەکەی (کلاوزفیتز، Clausewitz)دەهێنێتەوە کاتێک پێی وابووە جەنگ بریتییە درێژەدان بە سیاسەت بەڵام بە ڕێگەیەکی دیکە. بە هەمان شێوە و لە خزمەتی ئەو بۆچوونەیدا پشت بەو وتەیەیی (ئەدۆلف هیتلەر، Adolf Hitler) دەبەستێت کاتێک وتویەتی هاوپەیمانێتییەک ئەگەر ئامانجەکەی هەماهەنگی بۆ جەنگ لەخۆی نەگرێت؛ ئەوا بێ مانا و بێ سوود دەبێت[2].

کەواتە بەگوێرەی تێز و دنیابینییەکانی ڕیاڵیستانەی کار؛ ژینگەی نێودەوڵەتی بارودۆخێکە هەر دەوڵەتە و بەدوای بەرژەوەندییە ئەمنی و ئابووری و سیاسییەکانی خۆیدا دەگەڕێت. فاکتەری هێز بۆ

---

[1] وصفي محمد عقيل، التحولات المعرفية للواقعية والليبرالية في نظرية العلاقات الدولية المعاصرة، مجلة دراسات العلوم الإنسانية والاجتماعية، تصدر عن عمادة البحث العلمي وضمان الجودة- الجامعة الأردنية، المجلد ٤٢، العدد ١، ٢٠١٥، ص١٠٥.

[2] E. H. Car, The Twenty years' Crisis 1919_1939: An Introduction to the Study of International Relations, Second Edition, London: Macmillan & CO. LTD, 1946, P. 109.

گەیشتن بەو بەرژەوەندییانە و پاراستنی ئاسایش و سەلامەتی هەر دەوڵەتێک گرنگ و پێویستە، بەتایبەت کاتێک کە سەرجەم ڕێگا سیاسی و دیپلۆماسییەکانی دیکە شکست دەهێنن، زۆرجار بەکارهێنانی هێز و پەنابردن بۆ جەنگ دەبن بە پێویستییەکی حەتمی.

دانانی پرسەکانی پەیوەست بە بەرژەوەندی و ئاسایشی نیشتیمانی و هێزی ڕەها لە لوتکەی هەرەمی پرسە گرنگ و ستراتیژییەکانی دەوڵەت لە تێزەکانی (هانس جی. مۆرگنساو، Hans J. Morgenthau) دا بە ڕاشکاوانەتر گوزارشتی لێ دەکرێت. هەروەک ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە دەوڵەتان هەمیشە لە ڕوانگەی بەرژەوەندییەکانی خۆیان و بەدەستهێنانی هێزی زیاتر بیر دەکەنەوە و مامەڵە دەکەن. باوەڕهێنان بەو ڕاستییەش بە پێشمەرجێکی سەرەکی دەزانێت بۆ تێگەیشتن و پێشبینیکردنی ئەوەی کە لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا چی دەگوزەرێت و دەوڵەتەکان لە ڕابردوو و ئێستا و داهاتوودا بەدوای چیدا وێڵ بوون و دەبن[1]. تەنانەت سەرکەوتنی دەوڵەتان لە بەدیهێنانی بەرژەوەندییە نیشتیمانییەکانیان وەک ئامانجێکی باڵا، بە پرسێکی ئەخلاقی و مۆڕاڵی دەزانێت. بەپێچەوانەوە لەگەڵ ئەوەدا نیە کە ئەو پرس و پێوەر و بەهایانە وەک کۆسپ و ئاستەنگ بخرێنە بەردەم دەوڵەتان لە بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانیان. هەروەک ئەوەی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە "دەکرێت تاک بڵێت با دادپەروەری بکرێت تەنانەت ئەگەر جیهانیش وێران بێت، بەڵام دەوڵەت ئەو مافەی نیە بە ناوی هەموو هاوڵاتیانییەوە وابڵێت، بەڵکو ئەخلاقی سیاسی بە دەرئەنجامە سیاسییەکان؛ حوکم لەسەر کردەوەکانی دەوڵەت دەدات"[2].

بەجۆرێکی دیکە لە ڕوانگەی ڕیاڵیزمی کلاسیکدا، دروستکەرانی بڕیاری سیاسی؛ گرنگی بەو پرسانە دەدات کە ڕۆڵیان لەسەر زیادکردنی بەرژەوەندی و هێزی دەوڵەت هەیە. تەنانەت لایەنگری ئەوەن کە دەوڵەت یان سیاسەتمەدار هەموو هێز و پێوەرەکانی دیکەی لەشێوەی پرسە سەربازی، ئابووری، یاسایی، ئەخلاقی، ئاینی و هتد... بخاتە خزمەتی سیاسەتەوە لەپێناو بەدیهێنانی زۆرترین بەرژەوەندیی باڵای دەوڵەت کە بەهۆی هێزەوە پێناسە کراوە[3].

بەو تێڕوانینە بێت لە ڕوانگەی تیۆری ڕیاڵیزمی کلاسیکدا، پرسی بەرژەوەندی نەتەوەیی پێگە و شوێنێکی باڵا لە هەرەمی ڕیزبەندییەکانی پرسە نێودەوڵەتییەکاندا دەگرن. هەربۆیە پێداگرن کە دەوڵەت و سەرکردە سیاسییەکان، میکانیزم و شێوازی جیاواز و بەتایبەتیش بەدەستهێنانی هێزی سەربازی زیاتر و زیاتر یاخوود ڕەها و بێسنوور؛ وەک ئامرازی چالاک بۆ بەدیهێنانی ئەو بەرژەوەندییانە بەکاردەهێنن.

### داخوازی دووەم: ڕوانگەی ڕیاڵیزمی پەیکەری Structural Realism

(کێنز والتز، Kenneth N. Waltz) تیۆرسێن و دامەزرێنەری سەرەکی تیۆری (ڕیاڵیزمی پەیکەری/

[1] Hans J. Morgenthau, Politics Among Nations (The Struggle for Power and Peace), First Volume, Sixth Editions, Beijing: Peking University Press, Year: No, P. 5.

[2] Hans J. Morgenthau: Ibid, P. 12.

[3] Ibid, P. 13-14.

نوێ، Structural Realism) ڕەخنە لە هەر تیۆرست و شرۆڤەکارێک دەگرێت ئەگەر پێی وابێت ڕیالیستە کلاسیک و نوێیەکان لە شرۆڤەکانیاندا تەنانەت سەبارەت بە پرسە گرنگە نێودەوڵەتییەکانیش، پشت بە گریمانە هاوشێوەکان دەبەستن. کاتێک هانس مۆرگنساو، لە تێزەکانیدا دەڵێت دەوڵەتەکان هەوڵی بەردەوام دەدەن بۆ بەدەستهێنانی هێزی زیاتر، لای کێنز واڵتز مانای ئەوە دەگەیەنێت کە ڕیالیزمی کلاسیک خودی (هێز، Power) بە ئامانجێکی باڵا دادەنرێت. لەبەرامبەردا؛ واڵتز ڕیالیزمی پێکهاتەیی لەسەر ئەو گریمانەیە بوونیاد دەنێت کە(مانەوە، Survival) پاڵنەری سەرەکی و ئامانجی هاوبەش و باڵای سەرجەم دەوڵەتەکانە. "هێز" یەکێکە لە ئامرازەکانی بەدیهێنانی ئەو ئامانجە باڵایە لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا[1]. کەواتە بەئەندازەی پێویست بۆ مانەوەی دەوڵەت و پاراستنی ئاسایشەکەی، هێز بە پێویست دەزانێت نەک هێزی ڕەها و بێسنوور.

(ڕاندڵ شوێڵەر، Randal Schweller) وەک یەکێک لە تیۆرسێنە سەرەکییەکانی (تیۆری ڕیالیزمی کلاسیکی نوێ، Neoclassical Realism)؛ ڕەخنە لەو بۆچوونەی واڵتز دەگرێت بەوەی کە وا تەماشای دەوڵەتەکان دەکات کە هەموویان یەک جۆرن و بۆ یەک ئامانج و پرسی باڵا (مانەوە/ خۆپارستن، Survive/Self-Preservation) تێدەکۆشن. ئەمەش والیێک دەداتەوە کە واڵتز، جیاوازی ئامانجەکانی دەوڵەتانی پارێزەری دۆخی باو لەگەڵ (دەوڵەتانی تاڵانچی، Predatory States) یان ڕووخێنەر و پێداچوونەوەخوازی دۆخی باو؛ لەبەرچاو ناگرێت[2]. بۆ هەموو دەوڵەتەکان پرسی ئاسایش لە هێز بە گرنگتر دەزانێت؛ لە کاتێکدا لای شوێڵەر، ئەو بانگەشەیە بڕواپێکراو نیە، چونکە پێی وایە لەڕووی ئەزموونییەوە جەنگە گەورەکان لەلایەن ئەو دەوڵەتانەوە هەڵگیرسێنراون کە پرسی فراوانخوازیان لە پارێزراوبوونی خۆیان پێ گرنگتر بووە[3]. لێرەوە دەکرێت بگوترێت کە لە ڕوانگەی ڕیالیزمی کلاسیکی نوێدا؛ پێویستە بەگوێرەی جیاوازی بارودۆخ و پێگەی دەوڵەتەکان، جیاوازی لەنێوان ئامانجەکانیاندا بکرێت کە ئایا هەوڵی تەنها هێز لەپێناو پرسی ئاسایش و خۆپاراستن دەدەن، یاخوود هێزی بێسنووریان دەوێت لەپێناو داگیرکاری و فراوانخوازی.

ئەگەر لە ڕوانگەی ڕیالیزمی کلاسیکەوە؛ ململانێ و گەڕان بەدوای بەرژەوەندی نیشتیمانی یان نەتەوەییدا، پەیوەست بێت بە سروشتی سەرکردە سیاسییەکان و ڕەفتاری دەوڵەتانەوە. ڕیالیزمی نوێ؛ بانگەشەی ئەوە دەکات کە چەمکی بەرژەوەندی نیشتمانی بەهۆی ژینگەی پاشاگەردانی نێودەوڵەتییەوە بە سروشتی خۆی دەبێتە پرسێکی باڵا و دەوڵەتەکان ناچار دەبن هەوڵی بەدیهێنان و پارێزگاریلێکردنی بدەن. هەروەک واڵتز؛ لەڕێگای بەراوردکردنی دەوڵەت و کۆمپانیاکانەوە، چییەتی چەمکی بەرژەوەندی نیشتیمانی و چۆنیەتی بەدەستهێنانی؛ لەو ژینگە پاشاگەردانییەدا زیاتر ڕوون

[1] Kenneth N. Waltz, Evaluating Theories, The American Political Science Review, Vol. 91, No. 4, Dec 1997, P. 913. And Kenneth N. Waltz, International Politics is not Foreign Policy, Security Studies, Vol. 6, Issue 1, 1996, P. 54.

[2] Randall L. Schweller, Neorealism's Status-Qu Bias: What Security Dilemma? Security Studies, Vol. 5, Issue 3, 1996, P. 91.

[3] Ibid, P. 106.

دەکاتەوە. ئەو پێی وایە وەک چۆن کۆمپانیا و ئەکتەرە ئابوورییەکان لە بازاڕدا و بە پشتبەستن بە پرەنسیپی (خود-یارمەتی، Self-Help)، لە هەوڵدان زۆرترین قازانج و داهات بەدەستبهێنن. بەهەمان شێوە دەوڵەتەکانیش لە کۆمەڵگای پاشاگەردانی نێودەوڵەتیدا و بە پشتبەستن بە پرەنسیپی خودیارمەتی، هەوڵ دەدەن بۆ دەستبەرکردنی "مانەوەی خۆیان" وەک باڵاترین بەرژەوەندی نیشتیمانی[1]. ناڕێکخراویی و نەبوونی حوکمڕانییەکی باڵادەستی جیهانی، دەوڵەتەکان وەک یەکەی چوونیەک ناچار دەکات خۆیان یارمەتی خۆیان بدەن لە هێنانەدی بەرژەوەندییە باڵا نیشتیمانییەکان. هەر دەوڵەتێک توانا و ئامادەیی پشتبەخۆبەستن و یارمەتیدانی خۆی نەبێت، ڕووبەڕووی مەترسی و بەڵا و ناخۆشی زیاتر دەبێتەوە[2]. بگرە تەنانەت "مانەوە"شی وەک باڵاترین ئامانجی نیشتیمانی دەکەوێتە مەترسییەوە.

لە ڕوانگەی واڵتزدا، هاتاوەکو سیستەمی پاشاگەردانی نێودەوڵەتی و پێویستی "خودیارمەتی" بەردەوام بێت، هەمیشە مانەوە یاخوود ئاسایش دەکەوێتە سەرووی قازانجە ئابوورییەکانەوە. چونکە مانەوە بە پێشمەرج بۆ بەدیهێنانی قازانج و ئامانجەکانی دیکە دەزانێت[3]. بە مانایەکی دیکە بەرژەوەندییە نیشتیمانییەکان بە هاومانای مانەوەی دەوڵەت و پێداویستییە ئەمنییە سەرەکییەکانی دەوڵەت دەبینێت، بەرژەوەندییە ئابوورییەکان دوای گرەنتیکردنی مانەوە و بەرژەوەندییە ئەمنییەکان، هەوڵی بەدیهێنانیان دەدرێت. هەربۆیە پێداگری دەکات کە دەبێت هەنگاوە سەربازی و دیپلۆماسییەکانی دەوڵەت پلانی وردیان بۆ دابڕێژرێت تاوەکو بە باشترین شێوە خزمەت بە هێنانەدی بەرژەوەندییە نیشتیمانییەکان بکەن یاخوود مانەوەی دەوڵەت سەلامەت و پارێزراوتر بکەن لە هەر هەڕەشە و مەترسییەک[4]. هەر لەبەرئەوەشە کە گرنگیدان بە دەستکەوتە ڕێژەییەکان لە گرنگیدان بە دەستکەوتە ڕەهاکان بە لەپێشتر دادەنێت، چونکە پێی وایە سوود و دەستکەوت و قازانجی دەوڵەتەکان بە بەراوردکردن لەگەڵ دەوڵەتەکانی دیکە دەپێورێت[5]. بەم پێیەش دەستکەوت و قازانجەکانی خۆت هەرچەند زیاتر بێت، سوودێکی ئەوتۆی نابێت ئەگەر لەگەڵیدا سوود و قازانجی نەیار و کێبڕکێکارەکانیش ڕوو لە هەڵکشان بێت. بەتایبەت لەبەرئەوەی مەترسی ئەوە هەیە کە ڕەنگە سوود و قازانجی ڕکابەرەکان لە شوێنێکدا، وەک هەڕەشە لەسەر ئەمن و ئاسایشی خۆت بشکێتەوە.

لێرەوە تێبینی دەکرێت بە جیاواز لە ڕیاڵیزمی کلاسیکی مۆرگنساو، ڕیاڵیزمی نوێی کینز واڵتز، لەبری "زۆرترین هێز"، جەختی لەسەر 'مانەوە' یاخوود 'زۆرترین ئاسایش' یانیش 'هێزی پێویست بۆ

[1] Kenneth N. Waltz, Theory of International Politics, USA: Addition-Wesley Publishing Company, 1979, P. 134.

[2] Manuela Spindler, International Relation (A Self-Study Guide to Theory), Germany: Barbara Budrich Publishers, 2013, P. 129.

[3] Ibid, P. 134.

[4] Ibid, P. 134.

[5] Kenneth N. Waltz, Theory of International Politics, Ibid, P. 134.

مانەوە و پاراستنی ئاسایش'ە. (سکۆت بورچڵ، Scott Burchill) یەکێکە لەو توێژەرانەی هاوشێوەی والتز؛ مانەوە بە ئامانجی سەرەکی و لەپێشینەی سیاسەتی دەوڵەت لە ژینگەی پاشاگەردانی نێودەوڵەتیدا دیاری دەکات. یاخوود بە مانایەکی دیکە بەرژەوەندی نەتەوەیی بە ئاسایشی دەوڵەتەوە پەیوەست دەکات. توانای هەر دەوڵەتێکیش بۆ گەرەنتیکردنی ئەو ئاسایش و بەرژەوەندییە بە گرنگیدان بە هێزی ڕێژەییەوە دەبەستێتەوە. واتا هاوکۆک لەگەڵ والتز و جیاواز لە مۆرگنساو، بڕی هێزی پێویست بۆ پاراستنی ئاسایش و گەرەنتیکردنی مانەوەی دەوڵەت بەپێویست دەزانێت[1]. (جۆن هێرز، John H. Herz)؛ هاوڕایە لەگەڵ بۆچوونی ئەو تیۆرسێنانە کە ئاسایش پرس و ئامانجێکی باڵایە و، دەوڵەت و یەکە نێودەوڵەتییەکان کێبڕکێ لەسەر بەدەستهێنانی هێزی زیاتر لەپێناو ئاسایشی زیاتر دەکەن. بەڵام هێرز؛ گەشبین نییە کە لە بارودۆخی پاشاگەردانی نێودەوڵەتیدا، دەوڵەتان بتوانن سەرکەوتنی تەواو بۆ گەیشتن بە ئاسایشی تەواو بەدەستبهێنن، بەڵکو گەیشتن بە ئاسایشی تەواو بە جۆرێک لە مەحاڵ دەزانێت[2].

(ڕیمۆند ئارۆن، Raymond Aron)؛ دژ نییە لەگەڵ مۆرگنساو و ڕیاڵیزمی کلاسیک کە دەوڵەت بەرژەوەندی نەتەوەیی دەخاتە ڕیزبەندی هەرەمی پرسە گرنگەکان، بەڵام پێی وانییە کە هەموو دەوڵەتەکان وەک یەک هەوڵی یەک جۆر بەرژەوەندی نەتەوەیی یاخوود "مانەوە" بدەن بەو شێوەیەی کە والتز و ڕیاڵیزمە نوێیەکان بانگەشەی بۆ دەکەن. بەڵکو پێداگری دەکات کە بەرژەوەندییە باڵاکان بە گوێرەی قەبارە و پێگەی دەوڵەتەکان دەگۆڕێن. هەروەک ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئامانجی باڵای دەوڵەتە بچووکەکان یان ئەوانەی کە خاوەنی هێزی ڕێژەیی کەمترن، تەنها (ژیانکردنە، Subsistence). بەڵام زلهێزەکان ئامانجەکانیان تەنانەت لە مانەوەشدا کورت ناکەنەوە، بەڵکو ویستی فراوانبوون و شکۆمەندی و کاریگەری دانان لەسەر ڕەفتار و کرداری ئەوانی دیکەش لەخۆی دەگرێت[3]. ئەم بۆچوونەی کۆتایی، لەلایەن مێرشایمەرەوە زیاتر پەرەی پێ دەدرێت.

### داخوازی سێیەم: ڕوانگەی ڕیاڵیزمی هێرشخواز Offensive Realism

تیۆری (ڕیاڵیزمی هێرشخواز، Offensive Realism)؛ لەگەڵ ئاڕاستەکانی دیکەی ڕیاڵیزم هاوڕایە کە گرنگیدان بە ئاسایشی نەتەوەیی دەکەوێتە هەرەمی پرسە باڵاکان لای دەوڵەت. یاخوود بە مانایەکی دیکە، ئاسایشی نیشتیمانی هاوشێوەی بەرژەوەندییەکی نیشتیمانی باڵا دەخاتە ناو پۆلێنی سیاسەتە باڵاکانی دەوڵەتەوە. بەڵام ئەگەر ڕیاڵیزمی کلاسیک پێی وابێت دەوڵەتان بەدوای هێزی بێسنوور و، ڕیاڵیزمی نوێ و بەرگری لەگەڵ گەڕان بەدوای هێزی پێویست بن بۆ مانەوە و پارێزگاری لە دەوڵەت. ئەوا لای (جۆن مێرشایمەر، John J. Mearsheimer) و تیۆری ڕیاڵیزمی هێرشخواز؛ دەوڵەتان هەوڵی زیادکردنی پشکی هێزی خۆیان بۆ بەرزترین ئاست لە هێزی جیهانی دەدەن،

[1] Dr. Darko Trifunović and Milica ćurčić, National Interest in Security Science: A Realist Perspective, The Journal of National Security and the Future, Vol. 22, No. 3, 2021, P. 83.

[2] Manuela Spindler, Ibid, P. 128.

[3] Dr. Darko Trifunović and Milica ćurčić, Ibid, P. 80.

تاوەکو گەیشتن بە قۆناغی بەدەستهێنانی هەژموون و هەوڵدان بۆ گەیشتن بە قۆناغی "هەژموونی ئەتۆمی" وەک ئامانج و پرسی هەرە باڵای دەوڵەت.

جۆن مێرشایمەر؛ بانگەشەی ئەوە دەکات کە زلهێزە گەورەکان هەمیشە بەدوای دەرفەتەکاندا دەگەڕێن بۆ بەدەستهێنانی هێزی زیاتر بەسەر ڕکابەرەکانیاندا. لێرەدا تێزەکانی نزیک دەبنەوە لە ڕیاڵیزمی کلاسیک. بەڵام جۆن مێرشایمەر هێز وەک ئامانج نابینێت، بەڵکو وەک ئامرازێک سەیری دەکات کە دەوڵەتەکان بۆ گەیشتن بە (هەژموون، Hegemony) وەک ئامانجی کۆتایی خۆیان، بەکاریدەهێنن[1]. بەپێچەوانەی والتز کە دەوترێت ئامانجی دەوڵەتانی پێداچوونەوەخواز لەبەرچاو ناگرێت، تەنانەت بە جیاواز لە ڕاندڵ شوێڵەر کە گریمانەی هەبوونی دەوڵەتە ڕازی و نارازییەکان لە دۆخی باو دەکات. مێرشایمەر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە تیۆری هێرشبەری، گریمانەی هەبوونی دەوڵەتانێک ناکات کە لەبارودۆخ و پێگەی خۆیان یان لە دۆخی باو ڕازی بن. تەنها مەگەر دەوڵەتێک هەبێت بتوانێت (زاڵبوون/ باڵادەستی، Preponderance) بەدەستبهێنێت، ئەمەش بە نائاسایی یاخوود نزیک لە مەحاڵ دەزانێت. بەڵکو جەخت دەکاتەوە کە سیستەمی نێودەوڵەتی تەنانەت زلهێزە گەورەکانیش هان دەدات کە هێشتا مەبەست و ئامانجی (پێداچوونەوەخوازانەیان، Revisionist Intentions) هەبێت. زلهێزەکان هەرچەند بەهێز بن هێشتا بەدوای دەرفەتەکاندا دەگەڕێن و لە هەوڵدان پشکی خۆیان لە هێزی جیهانیدا زیاتر بکەن لە بەرامبەر زلهێزەکانی دیکەدا[2].

لە لایەکی دیکەوە؛ کاتێک ڕیاڵیزمی کلاسیک پێی وایە سیاسەتی نێودەوڵەتی ململانێیەکی بەردەوامە لەپێناو زۆرترکردنی هێزدا، دەکرێت دەوڵەت ئەو هێزەی تەنها بۆ مانەوە یاخوود بۆ بەهێزتربوون و پارێزگاری لە نەیارەکانی دیکە پێویست بێت، بەتایبەتیش پاراستنی ئاسایش و مانەوەی فیزیکی، پاراستنی کیان، یەکپارچەیی خاک، سەلامەتی دامەزراوە سیاسیی و کەلتووری و نەریتییەکان، گوزارشتن لە پاراستنی کۆمەڵێک پرس و بابەتی گرنگ و پەیوەندیدار بە بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی لە دەستدرێژی دەوڵەت و گەلانی نەیار و دوژمن[3]. بەڵام لە ڕوانگەی ڕیاڵیزمی هێرشخوازیدا، ئامانجی باڵای دەوڵەتان و بەتایبەت زلهێزەکان بە تەنها پاراستنی ئەو پرس و بابەتانە نییە، بەڵکو جەخت دەکەنەوە کە بەرژەوەندی نیشتیمانی و ئامانجی هەرە باڵای دەوڵەتان لە بەدەستهێنانی هەژموونی جیهانیدا خۆی دەبینێتەوە. بەدەستهێنانی ئەو هەژموونە جیهانییە لای مێرشایمەر سەخت و قورس و تەنانەت نزیکە لە مەحاڵیش، بەڵام هێشتا بێگومان هەر نیاز و هەوڵی دەوڵەتەکان بۆ ئەو ئامانجە پێویستی بە بەدەستهێنانی زۆرترین پشک لە هێزی جیهانی هەیە. بۆیە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە زلهێزەکان هەوڵی دەوڵەمەندبوونێکی زیاتر لە ڕکابەرەکانیان دەدەن، تاوەکو دواتر لە بەهێزبوونی لایەنی سەربازیاندا بەکاری بهێننەوە، چونکە بەهێزبوونی لایەنی

[1] Jhon J. Mearsheimer, The Tragedy of Great Power Politics, New York: Norton & Company, 2001, P. 29.

[2] See: Ibid, P. 29.

[3] Dr. Darko Trifunović and Milica ćurčić, Ibid, P. 77-78.

سەربازی بنەمایەکی ئابووری هەیە. زیادلەوەش زلهێزە گەورەکان ئاواتەخوازن بەهێزترین سوپا و هێزی وشکانی و ئاسمانی و دەریاییان هەبێت، تەنانەت لە کۆتاییدا زلهێزەکان بەدوای باڵادەستی ئەتۆمیدا دەگەڕێن، هەرچەند بەدیهێنانی ئامانجێکی ئاوا باڵا قورس و سەختیش بێت[١].

لێرەوە باشتر ڕوون دەبێتەوە کە ڕوانگەی ڕیاڵیزمی هێرشبەری هاوڕایە لەگەڵ جۆرە باوەکانی دیکەی ڕیاڵیزمدا کە بەرژەوەندییە باڵا نەتەوەییەکان بە نزیک لە هاومانای بەرژەوەندیی و پرسە ئەمنییەکان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. بەپێچەوانەوە ڕیاڵیزم و بەتایبەت هێرشخوازی؛ بەرژەوەندییە نائەمنییەکانی لەشێوەی سیاسەت و کاروبارە ناوخۆییەکان، بیروباوەڕ و ئایدۆلۆژیاکان، مافەکانی مرۆڤ، بزوتنەوە و دامەزراوە نێودەوڵەتی و دەوڵەتبڕەکان، نۆڕم و پرەنسیپ و بنەما ئاکارییەکان، هاریکاری نێودەوڵەتی و پرسەکانی دیکە بە کەمبایەخ وەردەگیرێن، یاخوود شوێن و پێگە و ڕۆڵێکی زۆر لاوازیان پێ دەدرێت[٢]. بەڵام ئەگەر لای مۆرگنساو و ڕیاڵیزمی کلاسیک، بەرژەوەندی نەتەوەیی بریتی بێت لە بەدەستهێنانی هێزی ئابووری و سەربازی زیاتر و بەکارهێنانی لەپێناو پاراستنی کیان و دامەزراوەکان. لای واڵتز و ڕیاڵیزمی نوێ، ئەو بەرژەوەندییە گوزارشتە لە دەستخستنی هێزی پێویست بۆ مانەوە و پاراستنی ئاسایشی دەوڵەت و بەرژەوەندییە ئابووریی و مادییەکان، دوای گەرەنتیکردنی بەرژەوەندییە ئەمنییەکان، هەوڵی بەدیهێنانیان دەدرێت. بەڵام لای مێرشایمەر و ڕیاڵیزمی هێرشخوازی؛ بەدەستهێنانی هەژموون گرەنتییە بۆ پارێزراوبوونی بەرژەوەندی نەتەوەیی، بۆ ئەمەش دەوڵەت پێویستی بە دەوڵەمەندبوونی لایەنی ئابووری وەک بنەمایەکی گرنگ بۆ بەهێزبوونی زیاتری لایەنی سەربازی هەیە تاوەکو بتوانێت ئەو هەژموونە باڵایە بەدەست بهێنێت یاخوود بۆ ئەوەی لە دواتردا، هەوڵی زاڵبوون یان هەژموونی ئەتۆمی بدات، وەک ئامانجی هەرە باڵا.

### داخوازی چوارەم: ڕوانگەی ڕیاڵیزمی بەرگریخواز Defensive Realism

ڕوانگەی ڕیاڵیزمی بەرگریخواز بۆ جیهان و پەیوەندی و پرسە نێودەوڵەتییەکان، لە جۆرەکانی دیکەی ڕیاڵیزم و بەتیابەتیش هێرشخوازی؛ گەشبینتر و ئەرێنیترە. گریمانەی ئەوە دەکەن کە ئەگەر دەوڵەتان لەبری هێرشبەری؛ پەیڕەو لە سیاسەتی بەرگری بکەن، ئاسایشیان سەلامەتتر دەبێت، سوود و قازانجی زیاتر دەکەن و باشتر دەتوانن بەرژەوەندییە نیشتیمانییەکانیان بپارێزن یان بەدیبهێنن. (ڕۆبێرت جێرڤیز، Robert Jervis)؛ پێی وایە سەلامەترین و گونجاوترین جیهان بەهۆی پەیڕەوکردن لە سیاسەتی بەرگری دێتە ئاراوە. بەپێچەوانەی مێرشایمەر، گریمانەی هەبوونی ئەو زلهێز و دەوڵەتانەش دەکات کە لە ئامانج و بەرژەوەندییەکانی خۆیان ڕازین. هەروەک دەڵێت هیچ پاساوێک نیە کە دەوڵەتێکی ڕەزامەند یان پارێزگار لە دۆخی باو؛ هەوڵی بەدەستهێنانی هێزی هێرشبەری بدات. چونکە بەو کارە "دەوڵەتە دەستدرێژیکارەکان/ ناڕازییەکان" لە مەبەستەکانی خۆی ئاگادار

---

[1] John J. Mearsheimer, The Tragedy of Great Power Politics, Ibid, P. 138.

[2] Glenn H. Snyder, Mearsheimer's Word- Offensive Realism and the Struggle for Security: A Review Essay, International Security, Vol. 27, No. 1, Summer 2002, P. 172.

دەکاتەوە. ئەو دەڵێت مادام سیاسەتی بەرگری ئەوەندە بەسوودە کە ئەمن و ئاسایش وەک ئامانجێکی باڵا بپارێزێت یان گەرەنتی بکات، پێویست ناکات پەنا ببرێتەبەر جەنگ و سیاسەتی هێرشخوازی[١].

تێزەکانی تیۆری ڕیاڵیزمی بەرگریکار، لە دەوری ئەوە دەخولێنەوە کە پێویستە ئامانجی باڵای دەوڵەتان لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا خۆبەهێزکردن بێت بە ئامانجی خۆپاراستن لە هێرش و داگیرکاری وڵاتانی دیکە. بە پێچەوانەوە دەکرێت بڵێین کە لاوازبوونی سیاسەتی بەرگری هاوشێوەی کرانەوەی دەرگای دۆزەخ بەسەر دەوڵەتەکان و لەبەرامبەر بەرژەوەندییە نیشتیمانییەکانیاندا دەبینن. (ستیڤن ڤان ئێڤیرا، Stephen Van Evera) یەکێک لە گریمانە سەرەکییەکانی تیۆری ڕیاڵیزمی بەرگریکاری لەسەر ئەوە بوونیاد ناوە کە "ئەگەرەکانی ڕوودانی جەنگەکان زیاتر دەبێت، کاتێک داگیرکردن ئاسانتر بێت"[٢]. ئەو دەڵێت زۆرێک لە ڕیاڵیستەکان، گاڵتەجاڕی و سوکایەتی بەو گریمانەیە دەکەن یاخوود هەر پشتگوێی دەخەن، بەڵام پێداگری دەکات کە تیۆری بەرگری؛ بەهێزترین و بەسوودترین تیۆری ڕیاڵیستییە بۆ پێشکەشکردنی ڕوونکردنەوەیەکی زانستی بەهێز سەبارەت بە ئامانجی دەوڵەتان و لێکدانەوەی هۆکاری جەنگەکان[٣]. هەروەک یازدە هۆکاری کاریگەر وەک ئەرگیومێنتی زانستی دەهێنێتەوە[٤]، سەبارەت بەوەی کە چۆن کاتێک دەوڵەتەکان لاواز دەبن و توانای بەرگری لەدەست دەدەن، لەلایەن دەوڵەتەکانی دیکەوە دەبنە جێگای چاوتێبڕین و هێرشکردنەسەر و داگیرکردن یان بە مانایەکی دیکە چۆن ئەو لاوازییە دەبێتە هۆکارێکی کاریگەر بۆ سەرهەڵدانی جەنگەکان.

ئەگەر ڕیاڵیزمی هێرشخوازی خاوەنی ڕوانگەیەکی نەرێنی بێت سەبارەت بە ڕۆڵی یاسا و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان لە دەستەبەرکردنی هاریکاری نیودەوڵەتی و پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی، بەڵکو تەنها وەک ئامرازێک بۆ پێشخستنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان بیان بینێت[٥]. لە بەرامبەردا، ڕیاڵیزمی بەرگریکار، داکۆکی لە دروستکردنی متمانەی زیاتر و پەرەپێدانی زیاتر بە هاریکاری نێودەوڵەتی دەکات. تەنانەت دەکرێت بگوترێت کە ئەو هاریکارییە هەندێکجار وەک پرسێکی ستراتیژی و گرنگ دەبینن. هەربۆیە لایەنگری بە دامەزراوەییکردنی هاریکارییەکان و داڕشتنی ستراتیژێکی درێژخایەنن بۆ بەردەوامبوونی هاریکارییەکان لە داهاتوودا. پێیان وایە ئەگەر دەوڵەتەکان لەسەر ئەو ستراتیژە کار بکەن، سیاسەتی نێودەوڵەتی لە ئەمڕۆ و داهاتووشدا کەمتر مەترسیدار دەبێت لەوەی پێشوو یان لەوەی کە لەژێر دۆخی پەیڕەوکردنی سیاسەتی هێرشخوازیدا

[1] Robert Jervis, Cooperation Under the Security Dilemma, Word Politics, Vol. 30, No. 2, Jan. 1987, P. 214.

[2] Stephen Van Evera, Causes of War: Power and the Roots of Conflict, London: Cornell University Press, 1999, P. 117.

[3] Ibid, P. 117.

[4] See: Ibid, P. 121.

[5] Sean Kay, Globalization, Power, and Security, Security Dialogue, Vol. 35, No.1, March 2004, P. 11.

هەبووە[1].

کەواتە دەکرێت ئەوە پشتڕاست بکرێتەوە کە سەرەڕای هەندێک جیاوازی لە وردەکاریی لەنێوان تێزەکانی ئاڕاستە تیۆرییە ڕیاڵیستەکاندا (کلاسیک، پەیکەری، هێرشخواز و بەرگریخواز)، بە شێوەیەکی گشتی هاوڕان لەسەر جیاکردنەوە و دانانی پرسە باڵاکانی پەیوەندیدار بە بەرژەوەندی و ئاسایشی نەتەوەیی لە هەرەمی پرسە گرنگیپێدراوەکانی دەوڵەت و ئەکتەرە سەرەکییەکان. بەڵام هێشتا دەکرێت بگوترێت کە ڕوانگە و جیهانبینی تێزەکانی ڕیاڵیزمی هێرشخواز لە هەموویان توندترە سەبارەت بە گرتنەبەری سیاسەتی هێرشبەری و گرنگیدانی دەوڵەت بە پرسە نەتەوەیی و نیشتیمانییە تایبەتییەکانی خۆیی وەک ئامانجی هەرە باڵا. لە بەرامبەریشدا ڕوانگە و جیهانبینی ڕیاڵیزمی بەرگریکار، لە ئاڕاستە تیۆرییە ڕیاڵیستەکانی دیکە گەشبینترە، کاتێک پێیان وایە کە لەبری هێرشبردن و ململانێ و جەنگی بەردەوام، دەوڵەت دەکرێت لە ڕێگای پەیڕەوکردن لە سیاسەتی بەرگریکاری و ئەنجامدانی هاریکاری لەگەڵ ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکانی دیکەدا، گرنگی بە بەرژەوەندیی و ئامانج و پرسە نیشتیمانییەکانی خۆی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتیش بدات.

---

[1] Shiping Tang, A theory of Security Strategy for our time; Defensive Realism, USA: Palgrave Macmillan, 2010, P. 180-181.

## باسی دووەم:

## پرسە لاوەکییەکان؛ ژینگە وەک نموونە

پۆلێنکردنی کۆمەڵێک پرسی سیاسی نێودەوڵەتی لە چوارچێوەی سیاسەتە نزمەکاندا، گوزارشتی ئەوە دەگەیەنێت کە لە ڕوانگەی ڕیالیزمدا، ئەو کۆمەڵە پرسە پێگەیەکی تارادەیەک نزمتر یان لاوەکیتر لە سیاسەتی دەوڵەتان و یەکە سیاسییەکاندا دەگرن. بەڵام بە مانای ئەوە نایەت کە ئەو پرس و بابەتانە بەلای دەوڵەتانەوە جێگای گرنگیپێدان نەبن. بەڵکو زیاتر مەبەست لەوەیە کە دەوڵەتەکان دوای گرنگیدان بە پرسە باڵاکان، سەرنج و گرنگیپێدانیان دەخەنەسەر ئەو پرسە نزمترانە.

دەوڵەتان؛ ڕەنگە هەندێکجار لەپێناو گرەنتیکردنی پرسە باڵاکانی لەشێوەی (هێز، مانەوە، ئاسایش و بەرژەوەندی نیشتیمانی)، گرنگی بە پرسە لاوەکییەکانی لەشێوەی (پرسە ئابووری، کۆمەڵایەتی، کەلتوری، تەندروستی، مۆڕاڵی و ژینگەییەکان و هتد...) بدەن. یاخوود بەجۆرێکی دیکە، ئەو پرسانەی بە لاوەکی ناودەبرێن، کاتێک کاریگەری و مەترسی لەسەر پرسە باڵاکان دروست دەکەن، تەنانەت لە ڕوانگەی هەندێک لە ئاڕاستە تیۆرییەکانی ڕیالیزمیشەوە، دەکرێت گریمانەی ئەوە بکرێت کە ئەو پرسانە لە چوارچێوەی گرنگیپێدانی سیاسەتی نزمەوە، سەردەکێشن بۆ بوون بە پرسێکی جێگای گرنگیپێدانی سیاسەتی باڵای دەوڵەتان. ئەم تەوەرەیە لە کۆمەڵێک پرس و بەتایبەت پرسی پیسبوونی ژینگە و گۆڕانەکانی کەشوهەوای جیهانی لە ڕوانگەی ئاڕاستە جیاوازەکانی تیۆری ڕیالیزمدا دەکۆڵێتەوە.

### داخوازی یەکەم: ڕوانگەی ڕیالیزمی کلاسیک Classical Realism

بەشێوەیەکی گشتی لە ڕوانگەی تیۆرە ڕیالیستەکاندا؛ دەوڵەتان ئەکتەری هەرە سەرەکی سیاسەتی نێودەوڵەتین کە لە ژینگەیەکی پاشاگەردانیدا، بەدوای ئاسایش و ئامانجە باڵا و ستراتیژییەکانی خۆیاندا دەگەڕێن. بەگوێرەی تیۆری ڕیالیزمی کلاسیک، دەوڵەتان زۆربەی کات پێگەیەکی لاوەکی بە پرسەکانی لەشێوەی ئەخلاق و ئاشتی و ئامانجە مرۆیی و ئایدیالییە نێودەوڵەتییەکان دەبەخشن.

ئیدوارد هالیت کار ؛ ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە پێگە و شوێنی ئەخلاق لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، ناڕوونترین و قورسترین کێشەیە[1]، هەروەک زۆر بێ هیوایە لەوەی کە بتوانرێت ئەخلاق لەناو سیاسەتی نێودەوڵەتیدا بوژێنرێتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە پێی وایە جیهان بەردەوام لەو ڕووەوە لە پاشەکشە دایە[2]. نزیک لەوە لای مۆرگنساویش؛ زۆرجار دەوڵەتان ئەو پرەنسیپانە تەنها وەک کۆمەڵێک دروشم بەرز دەکەنەوە و، لەپشتیانەوە کار بۆ ئامانج و بەرژەوەندییە ڕاستەقینەکانی خۆیان دەکەن[3]. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دان بەوەدا دەنێت کە دەکرێت هەندێکجار پرسە مۆڕاڵی و

---

[1] E. H. Carr, Ibid, P. P. 146, 147.

[2] E. H. Carr, Ibid, P 226.

[3] هانز جي. مورجنثاو، السياسة بين الأمم: الصراع من أجل السلطان والسلام، ت: خيري حماد، الجزء الثاني، الدار القومية

ئەخلاقییەکان، ڕۆڵی کۆمەڵێک ئاستەنگ و بەربەست لەبەردەم خواستی شەڕەنگێزانە و هێز و وسیتی دەوڵەتاندا بگێڕن[١].

هەندێکی دیکە لە بۆچوونە ڕیالیستە کلاسیکییەکان تا ئەو ئاستە نەرمی دەنوێنن کە پێیان وایە دەوڵەتان لەگەڵ ئامانجە سەربازیی و ستراتیژییە باڵاکاندا، هەوڵی بەدیهێنانی بەرژەوەندییە ئابووری و مۆراڵییەکانیشیان دەدەن. یاخوود بەجۆرێکی دیکە وەک چۆن دەوڵەتان بەرژەوەندییەکانیان هەمیشە لەڕووی هێزەوە پێناسە دەکەن، دەکرێت هەندێک لە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانیان لە ڕووی ئابووری و ئەخلاقیشەوە پێناسە بکەن[٢]. بەڵام ئاستی گرنگیپێدانی پرسە مۆڕاڵییەکان لای دەوڵەتان ناگاتە ئاستی پرسە ئەمنی و ستراتیژییە نەتەوەییەکان. هەروەک ئەوەی کە مۆرگنساو؛ نکۆڵی لەوە ناکات کە ئەگەر هەیە دەوڵەتان لە دوورمەودادا، بەدوای ئازادی و خۆشگوزەرانی و، ئامانجی ئایدیاڵی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا بگەڕێن، لەو پێناوەشدا هەوڵی جیاجیای ناسیاسی و تەکنیکی و هاریکاری لەگەڵ دەوڵەت و گەل و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکاندا بدەن. بەڵام پێداگری دەکات کە بۆ هەمیشە ئامانجی پلە یەک و هەرە باڵای دەوڵەتان بریتی دەبێت لە تێکۆشانی بەردەوام لەپێناو گەیشتن بە زۆرترین هێز و بەرژەوەندی و ئاسایش[٣]. کەواتە لێرەوە دەکرێت ئەوە ئەنجامگیر بکەین کە لە ڕوانگەی ڕیالیزمی کلاسیکدا، ئەگەرچی پرسە ژینگەیی و مۆڕاڵییەکانیش لەلایەن دەوڵەتانەوە گرنگییان پێ بدرێت، بەڵام لە ڕیزبەندکردنی هەڕەمی پرسە نێودەوڵەتییەکاندا، پێگەیەکی نزمتر یاخوود لاوەکیتریان پێ دەدرێت بە بەراورد لەگەڵ پرسەکانی پەیوەست بە هێز و ئاسایش و بەرژەوەندی نیشتیمانی.

**داخوازی دووەم: ڕوانگەی ڕیالیزمی پەیکەری Structural Realism**

ڕیالیزمی پەیکەری/ نوێ لای کێنز واڵتز؛ بەشێوەیەکی ڕادیکاڵانەتر لە ڕیالیزمی کلاسیک پێداگریی لەسەر کاریگەرییەکانی بارودۆخی پاشاگەردانی نێودەوڵەتی لەسەر ڕەفتاری دەوڵەتان دەکات کە مانەوە و ئاسایشی خۆیان بخەنە سەرووی ئامانج و پرسەکانی دیکەوە[٤]. تەنانەت سیستەمی نێودەوڵەتی بە سیستەمێکی خودپارێزی یان خودیارمەتی Self-Help دەناسێنن کە تەنانەت هەماهەنگی و پشتپێکبەستنی نێوان دەوڵەتانیش نەک بە پێویست بەڵکو بە مەترسی لەسەر جەنگ و بەریەککەوتنەکان دەزانن[٥]. ئەو تێزانە دەکرێت وەک ئیلهامبەخشێک وەربگیرێن کە لە ڕوانگەی

---

للطباعة والنشر، لا، ص١٦.

[١] بروانە: المصدر نفسه، ص١٥-١٦.

[2] Jack Donnelly, Realism and International Relations, UK: Cambridge University Press, 2004, P. 166.

[٣] هانز جي. مورجنثاو، المصدر السابق، ص٥٣-٥٤.

[4] Kenneth N. Waltz, Evaluating Theories, The American Political Science Review, Vol. 91, No. 4, Dec 1997, P. 913. And Kenneth N. Waltz, International Politics is not Foreign Policy, Security Studies, Vol. 6, No. 1, 1996, P. 54.

[5] Kenneth N. Waltz, Structure Realism After the Cold War, International Security, Vol. 25, No. 1, Summer 2000, P. 15.

ڕیاڵیزمدا ئەوەی دەچێتە هەرەمی گرنگیپێدانی دەوڵەتانەوە، ئەو پرسانەن کە خزمەتی ئاسایش و مانەوەی خودی خۆیان دەکەن، بەپێچەوانەوە هاریکاری و پشتپێکبەستنی نێوان دەوڵەتان سەبارەت بە پرسە نائەمنییەکانی لەشێوەی پرسە ئاکاری، مرۆیی، تەندروستی و ژینگەییەکانی دیکە ڕیزبەندییەکی دواتر وەردەگرن.

والتز؛ ئاماژە بۆ هەندێک کێشە و پرس دەکات کە هەندێکجار ڕەنگە ببنە جێگای گرنگیپێدانێکی باڵای دەوڵەتان، لەشێوەی زیادبوونی بێسنووری (هەژاری، Poverty)، ژمارەی دانیشتوان Population)، (پیسبوون، Pollution) و (بڵاوبوونەوەی خێرا، Proliferation)ی لەشێوەی چەکی ئەتۆمی و ڤایرۆسە کوشندەکان. ئەمانە بە کۆمەڵێک کێشە دیاری دەکات کە بە باوەڕی ئەو پێویستیان بە هاریکاری و هەماهەنگی نێوان دەوڵەتان هەیە بە حوکمی ئەوەی تەنها بە تاکە دەوڵەتێک چارە ناکرێن یاخوود بەڕێوەنابرێن. بەڵام هێشتا، سەرنجی وردتر دەخاتە سەر ئەوەی کە ئەو دەوڵەتانەی بەهێزترن بەتایبەت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەرکی گەورەتریان دەکەوێتە ئەستۆ بۆ دابینکردنی ڕێگا و ئامرازەکانی چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەیان و لە ئەستۆگرتنی پشکی شێری تێچوونەکان. لە بەرامبەردا، هەوڵ و بەشداری گەل و دەوڵەت و زلهێزەکانی دیکە لە بەرەنگاربوونەوەی ئەو پرسانەدا لە ئاستێکی سنورداردا دەبێت[1]. ئەو تێگەیشتنە، دەکرێت وا لێکدانەوەی بۆ بکەین کە والتز، بە کردەیەکی ئەقڵانی نازانێت، دەوڵەت یان وڵاتێکی وەک ئەمریکا لەسەر حسابی ئابووری و بەرژەوەندی و ئاسایشی خۆی، گرنگی بە پرسە مرۆیی و مۆراڵی و ژینگەییە جیهانییەکان بدات، لە کاتێکدا ئەگەر هەیە دەوڵەت و ڕکابەرەکانی، ئەو پرسانە وەک دەرفەت لەپێناو پاراستنی زیاتری ئاسایشی خۆیان و لاوازتربوونی بەرامبەرەکانیان بەکاربهێنن.

هەندێک شرۆڤەی نزیک لە ئاراستەی ڕیاڵیزمی نوێ لێکدانەوەیان وایە کە دەوڵەتەکان لەسەر بنەمای هێز و دەسەڵات و سەرچاوە و توانستەکانیان، ئامانج و پرسە گرنگەکانیان ڕیزبەند دەکەن. ئەو دەوڵەتانەی لەڕووی سیاسی و ئابووری و سەربازییەوە باڵادەستی جیهانن (لەشێوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان و یەکێتی سۆڤیەتی جاران/ ڕووسیای ئێستا)، گرنگییەکی زۆر بە ئاسایش و مانەوە وەک پرسی ستراتیژی دەدەن. بەڵام ئەو دەوڵەتانەی سەرچاوە و هێزیان سنورداره لەشێوەی سویسرا و سوید، ڕەنگە گرنگی بە پرسە ئابووری و دیپلۆماسییەکان بدەن. تەنانەت نموونە بە وڵاتێکی گەورەی وەک بەریتانیاش دەهێننەوە کە لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە کاتێک پێگە جیهانییەکەی بەرەو لاوازبوون ڕۆیشت، پرسە ئابوورییەکانی خستە سەروو پرسە ئەمنییەکان و، لەپێناو چارەسەرکردنی کێشە ئابوورییەکانی، بەشێکی هێز و هەژموون و خاکی خۆی لەو پێناوەدا کردە قوربانی[2]. کەواتە پاشاگەردانی نێودەوڵەتی وادەکات، پرس و بابەتە گرنگیپێدراوەکانی لای دەوڵەت زۆر و جۆراوجۆر بن، ڕیزبەندکردنی ئەو پرس و ئامانجانەش بەگوێرەی ئاستی هێز و سەرچاوەکانی دەوڵەت دەگۆڕێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لای زۆربەی دەوڵەتان پرس و ئامانجە

[1] Kenneth N. Waltz, Theory of International Politics, Ibid, P. 209-210.

[2] Farah Naaz, Role of National Interest, from: Rumki Basu: (Editor): International Politics: Concepts, Theories and Issues, New Delhi, SAGE Publications India Pvt Ltd, 2012, P.53.

نائەمنییەکان، دەچنە ڕیزبەندی دوای پرس و ئامانجە ستراتیژی و ئەمنییەکانی لەشێوەی مانەوەی دەوڵەت[١]. هەتاوەکو دەوڵەت لە مانەوە و ئاسایشی خۆی دڵنیا نەبێت یاخوود لەپێناو ئەو ئامانجە باڵایەدا نەبێت، کەمتر گرنگی بە پرس و بابەتە ئاکارییەکانی لەشێوەی ژینگە و تەندروستی و هەژاری دەدات.

هەڵوێستی زلهێز و دەوڵەتە جۆراوجۆرەکان لە بەرامبەر دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کوشندەی کۆڤید-١٩ کە وەک نەخۆشییەکی ترسناک بە خێراییەکی سەرسوڕهێنەر لە جیهاندا بڵاوبوویەوە، زەمەنێکی گونجاو و ئەزموونێکی پراکتیکی سوودبەخشە بۆ پشتڕاستکردنەوەی تێز و گریمانە سەرەکییەکانی تیۆری ڕیاڵیزم. بەتایبەت لەو ڕووەوە کە سیستەمی نێودەوڵەتی سیستەمێکی ئەنارشی و خودیارمەتییە. دەوڵەتان هەمیشە خۆپەرستن و کەمتر ویستی هاریکاری و هەماهەنگییان لەگەڵ یەکتریدا هەیە، تەنانەت لە کاتە زۆر پێویست و دۆخە زۆر مەترسیدارەکانیشدا. لە ڕوانگەی ڕیاڵیستەکاندا؛ کۆڕۆنا سەرەڕای دەرهاویشتە و لێکەوتە مەترسیدارەکانی نەک هەر نەبووە پرسێکی جێگای گرنگیپێدانی سیاسەتی جیهانی، بەڵکو بوو بە پرسێکی هاندەر بۆ گرژی و ناکۆکی و ململانێی نێوان دەوڵەتان و لەناویاندا هەردوو زلهێزی جیهانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و چین[٢]. دەوڵەتەکان یەکتریان بە هۆکار بۆ دروستکردن و بڵاوکردنەوەی ڤایرۆسەکە تۆمەتبار دەکرد. هەر دەوڵەتێک سیاسەتی پشتبەخۆبەستن و خودیارمەتی و داخستنی سنورەکان و خۆپارێزی و پاراستنی ئاسایشی تەندروستی و سەلامەتی هاوڵاتیانی خۆی پەیڕەو کرد[٣]. ئەمەش گونجاوە لەگەڵ ئەو تێڕوانینەی ڕیاڵیزم کە دەوڵەتان پرس و هەڕەشە جیهانییە نوێیەکانی لە شێوەی ڤایرۆسە کوشندەکانی هاوشێوەی "کۆڕۆنا" یاخوود مەترسییە کاریگەر و تۆقێنەرەکانی ژینگە، هێشتا بە پرسی لاوەکی دەبینن نەک لە چوارچێوەی سیاسەتە باڵاکاندا مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن. بەڵکو ئەوەی لە مەترسیدارترین دۆخەکانیشدا بەلایانەوە پرس و بابەتی گرنگ و باڵایە، پاراستنی بەرژەوەنی و ئاسایشی نیشتیمانی و مانەوەی خۆیانە، نەوەک پرسە تەندروستی و ڤایرۆسیی و ژینگەییە جیهانییەکان و ئاسایش و سەلامەتی نێودەوڵەتی.

توێژەرێکی وەک (جێرمی یودی Jeremy Youde) لە توێژینەوەیەکدا بە ناونیشانی "High Politics, Low Politics, and Global Health" ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هەڵکشانی پرسی تەندروستی جیهانی لە چوارچێوەی سیاسەتە نزمەکانەوە بەرەو چوارچێوەی سیاسەتە بەرزەکان، تەنها لەسەر ئاستی تیۆر و خوێندنەوەیەکی ئایدیاڵی قسەی لەسەر دەکرێت. بەپێچەوانەوە پێداگری دەکات کە ئەگەر بەدواداچوون بۆ سیاسەتی نێودەوڵەتی و بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بکرێت، دەردەکەوێت کە گۆڕانکارییەکی جەوهەری بەسەر سیاسەتی

[1]Robert J. Art and Robert Jervis, International Politics: Enduring Concepts and Contemporary Issues, Thirteenth Edition, New York: Pearson Education, 2016, P. 53.

[٢] د. خالد حنفي علي، الأوبئة ونظريات العلاقات الدولية.. اختيار تفسيري، مجلة السياسة الدولية، العدد: ٢٢١، المجلد ٥٥، يوليو ٢٠٢٠، ص٩.

[٣]المصدر نفسه، ص٤.

جیهانیدا نەهاتووە. بەڵکو گرنگیدان بە ڤایرۆس و نەخۆشیيە کوشندەکان و پرسە تەندروستییە جیهانییەکان، بە باوەڕی ئەو لە ڕوانگەیەکی مرۆییانەوەیە و هەوڵێکە بە ئاڕاستەی ئەوەی کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەیەوێت وەک کۆمەڵێک پرسی گرنگ مامەڵە لەگەڵ پرسە تەندروستی و مرۆیی و ئاکارییەکاندا بکات، بەڵام هێشتا ئەمە بەو مانایە نییە کە ئەو پرسانە گەیشتبنە چوارچێوەی سیاسەت و ئاسایش و بەرژەوەندییە باڵاکانی دەوڵەتان[1].

بەڵام گرنگە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت کە کاتێک دەگوترێت لە ڕوانگەی نیوڕیاڵیستەکاندا، دەوڵەتان لە چوارچێوەی سیاسەتە نزمەکاندا مامەڵە لەگەڵ پرسە ئاکاری و تەندروستی و ژینگەییەکان دەکەن، لە بەرامبەردا سەرنجی زۆر دەخەنە سەر پرسە ستراتیژییە ئەمنی و باڵاکان. ئەمە بەو مانایە نییە کە پێیان وابێت دەوڵەتان هیچ گرنگییەک بە پرسە مرۆیی و مۆڕاڵی و تەندروستی و ژینگەییەکان نادەن. بەڵکو دان بەوەدا دەنێت کە دەوڵەتان هەندێکجار وەک پێویستییەک یان ئەرکێکی تەواوکاری لەپێناو مانەوەدا، هاریکاری سەبارەت بە پرسە ژینگەییەکان دەکەن. بەڵام پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن کە ئەو ڕێککەوتننامانەی لەو پێناوەدا ئەنجام دەدرێن، زیاتر ڕەنگدانەوەی دابەشبوونی هێزی دەوڵەتانن. ئەوانەی خاوەنی هەژموون و هێزی زیاترن، لەپێناو پاراستن یان زیادکردنی توانستەکانیان، باشتر دەتوانن پشتگیری لە سەرکەوتووبوونی ڕێککەوتنەکان بکەن و تێچووی زیاتر بۆ هاریکاری لەو پێناوەدا لە ئەستۆ بگرن، هەروەک لە سوودەکانی هاریکارییەکە یان پاراستن و گرنگیدان بە پرسەکە زیاتر سوودمەند دەبن، لێرەدا نموونە بە ڕۆڵی گرنگی زلهێزێکی جیهانی وەک ئەمریکا دەهێنرێتەوە[2].

تیۆری ڕیاڵیزمی نوێی پەیکەری، پرەنسیپەکانی لەشێوەی هێز، پاشاگەردانی نێودەوڵەتی و لۆژیکی خودیارمەتی، وەک بنەمای گرنگ و چەسپیو لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا تەماشا دەکات. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نکوڵی لە ئەگەری ڕوودانی هاریکاری سەبارەت بە پرسێکی لەشێوەی پاراستنی ژینگەی جیهانی ناکات، بەتایبەت ئەگەر هاریکاری دەربارەی وەها پرسێک خزمەت بە ئاسایش و مانەوەی دەوڵەت بکات[3]. بە مانایەکی دیکە لای ڕیاڵیستەکان پرسی ژینگە هەرچەند لە چوارچێوەی سیاسەتە نزمەکاندا تەماشا بکرێت، هێشتا نکوڵی لە گرنگی هەبوونی ژینگەیەکی سەلامەت ناکەن، بەڵام ئەوەی لێی بە گومانن ئەوەیە کە بتوانرێت دەوڵەتەکان بەشێوەیەکی چالاکانە بەشداری لە هەوڵ و هەنگاوە هاریکارییە نێودەوڵەتییەکاندا بکەن سەبارەت بە پرسێکی وەها ئاڵۆز[4].

### داخوازی سێیەم: ڕوانگەی ڕیاڵیزمی هێرشخواز Offensive Realism

ڕیاڵیزمی هێرشخواز لەگەڵ ڕیاڵیزمی واڵتز_دا هاوڕایە کە "مانەوە" ئامانج و پرسی

---

[1] Jeremy Youde, High Politics, Low Politics, and Global Health, Journal of Global Security Studies, Vol. 1, ISS. 2, 2016, P. 168.

[2] See: Anthony David Lott, Neorealism and Environmental Cooperation: Towards a Structural Explanation of International Environmental Matters, Master Theses of Arts in Political Science, Portland State University, 1996, P. 129, 130-131.

[3] Ibid, P. 132.

[4] Anthony David Lott, Ibid, P. 134.

لەپێشینەی دەوڵەتەکانە. هاوشێوەی واڵتز و مۆرگنساو، مێرشایمەر دان بەوەدا دەنێت، کە جگە لە هێز و ئاسایش و مانەوە، دەوڵەتان بەدوای ئامانجی نائەمنی دیکەی لەشێوەی خۆشگوزەرانی ئابووری و بڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆژیایی خۆیاندا دەگەڕێن. هەروەک ئەوەی لە سەردەمی جەنگی سارددا، ویلایەتە یەکگرتووەکان هەوڵی بڵاوکردنەوەی ئایۆلۆژیایی لیبراڵی و دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤی دەدا و، یەکێتی سۆڤیەت سەرقاڵی بڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆژیایی کۆمۆنیزم بوو[١]. بەڵام لێرەدا دوو تێبینی گرنگە، ئەویش ئەوەیە کە گرنگیدان بەو ئامانجە نائەمنیانە، لە دەرئەنجامدا لەپێناو بەرژەوەندی و ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەت و بەدیهێنانی ئامانجە باڵاکان دایە. کاتێک دەوڵەتێک هەوڵی بڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆژیایی خۆی دەدات، مەبەست لەوەیە هێزی ڕێژەیی و هەژموون و کۆنترۆڵی خۆی لەجیهاندا زیاتر بکات. بەهەمان شێوە گرنگیدان بە ئابووری و سەرچاوەکانی هێز و دەوڵەمەندبوون، لای ڕیاڵیزمی هێرشخواز، وزەیەکە یاخوود پێشمەرجێکە بۆ بەهێزتربوون لەڕووی سەربازی و ئەمنییەوە[٢]. وەک هەمیشە جەختی لەسەر دەکاتەوە کە بۆ گەیشتن بە هەژموون و مانەوە وەک باڵاترین ئامانج، دەوڵەت پێویستی بە زیادکردنی هێزی ڕێژەیی خۆی لە هێزی جیهانی؛ تا بەرزترین ئاست هەیە[٣].

لە ڕوانگەی ڕیاڵیزمی هێرشخوازیدا، هەندێک لەو پرسە نائەمنیانەی کە دەوڵەتان گرنگییان پێ دەدەن، ئەوەندە کەمبایەخ یان بێکاریگەرن کە گرنگیپێدانەکەیان هیچ قورساییەک یاخوود کاریگەرییەکی نەرێنی ئەوتۆ لەسەر هێزی دەوڵەت و هاوسەنگیی هێزەکەی لەگەڵ دەوڵەتانی دیکەدا دروست ناکات. بۆ ئەمەش نموونە بە دەستێوەردانەکانی پەیوەست بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ دەهێننەوە. بەبڕوای ئەوان زلهێزەکان ئۆپەراسیۆنی زۆر گەورە و فراوان بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ یان بۆ ڕێگریکردن لە جینۆسایدی بیانییەکان لەناوخۆی دەوڵەتانی دیکەدا ئەنجام نادەن. هەروەک خەرجی و تێچوو و قوربانی گەورە لەو پێناوەدا نابەخشن، زۆرجار ئەگەر بشتوانن ڕێگری لە کۆمەڵکوژییەکی فراوان بکەن، ڕەنگە زلهێزەکان ئەوەندە گرنگی بە وەها پرسێک نەدەن[٤]. مێرشایمەر پێی وایە بەهۆی ئەوەی دەوڵەتان متمانە و بڕوای تەواویان بە یەکتر نیە، وە زیاتر وەک دوژمن و نەیار سەیری یەکتر دەکەن، کەمتر ئامادەییان هەیە هاریکاری و پشتیوانی یەکتر بکەن. بەڵکو زیاتر گرنگی بە میتۆدی دەستکەوتی ڕێژەیی دەدەن لەبری دەستکەوتی ڕەها. بەردەوام لە هەر هەوڵێکی هاریکاریشدا، تەرکیزییان لەسەر ئەوەیە کە زۆرترین قازانج و دەستکەوت بۆ خۆیان و زۆرترین زیانیش بۆ بەرامبەرانیان بێت یان دەیانەوێت دەوڵەتانی نەیار زۆرترین زەرەر بکەن و قازانج نەکەن[٥].

لەبەرئەوەی ڕیاڵیستەکان دەوڵەت بە ئەکتەری یەکگرتوو و عەقڵانی دەبینن کە هەمیشە بەدوای بەرژەوەندییەکانی خۆیانەوەن. بەرژەوەندییەکانیشیان زیاتر وەک بەرژەوەندی ئەمنی و بەهێزبوونی

---

[1] Robert J. Art and Robert Jervis, Ibid, P. 75.

[2] John J. Mearsheimer, The Tragedy of Great Power Politics, Ibid, P. 55.

[3] Ibid, P. 138.

[4] Robert J. Art and Robert Jervis, Ibid, P. 75.

[5] Ibid, P. 77.

سەربازی دەبینن، هەربۆیە لە چوارچێوەی سیستەمی نێودەوڵەتی ئەنارشیدا کە سیستەمێکی خودیارمەتیە، ئامانجی هەرە باڵای دەوڵەتان بریتی دەبێت لە بەردەوامبوون و مانەوەیان و هەوڵدانی بەردەوامیان لەپێناو پاراستن و بەرزکردنەوەی تواناکانیان. هەرلەچوارچێوەی ئەو هاوکێشەیەشدا بڕیار دەدەن کە چی جوڵە و کار و سیاسەتێک دەربارەی پرسێکی ژینگەیی ئەنجام بدەن. یان وردتر، دەوڵەتەکان لەسەر بنەمای هاوکێشەی تێچوو/ سوود بڕیار لە هاریکاری یان ململانێ یان مامەڵە لەگەڵ پرسە ژینگەییەکاندا دەدەن. ئەگەر دەوڵەتەکان لە دەرئەنجامی توێژینەوە و لێکدانەوەکانیاندا بگەنە ئەو بڕوایەیی هاریکاری دەربارەی پرسە ژینگەییەکان، تێچووی زۆریان لەسەر دەکەوێت و تواناکانیان کەم دەکاتەوە، ئەگەرەکانی هاریکاری سەبارەت بەو پرسانە کەمتر دەبنەوە. بەڵام ئەگەر بزانن ئەو هاریکاریانە زیانی بۆ تواناکانیان نابێت یاخوود خزمەت بە توانست و ئامانجە ستراتیژی و ئەمنییەکانیان دەکات، خواستی هاریکارییان بۆ پاراستنی ژینگەی جیهانی زیاد دەکات[١].

لێرەوە دەکرێت ئەمە بەسەر خواستی دەوڵەتاندا پەیوەندیدار بە پرسە ئەخلاقی و ژینگەیی و لاوەکییەکان جێبەجێبکرێت کە لە ڕوانگەی ڕیاڵیزمی هێرشبەردا، دەوڵەتان بەهۆی فێڵ و بێمتمانەیی نێوانیان کەمتر گرنگی بە هاریکاری سەبارەت بە پرسە ژینگەییەکان دەدەن. هەتا ئەگەر بچنە ناو کۆنگرە و کۆنفرانس و ڕێککەوتنە فراوان و باڵاکانی پەیوەندیدار بە ڕێگری لە پیسبوونی ژینگە و گەرمتربوونی گۆی زەویی، بەردەوام جەختیان لەسەر ئەوەیە زۆرترین قازانج و کەمترین زیان بۆ خۆیان و، زۆرترین زیان و کەمترین قازانج بۆ دەوڵەتانی دیکە بێت. بە مانایەکی دیکە دەوڵەتێک کاتێک بزانێت لە ڕووی ئابووری و سەربازی و وزە و سەرچاوەکان، بەهۆی هاریکاری ژینگەیی کۆتوبەند دەکرێت یاخوود قازانج ناکات یان هێزی ڕێژەیی خۆی بە بەراورد بە بەرامبەرەکانی زیاد ناکات، یان بە دیویکی دیکەدا، بەرامبەرەکانی زیاتر قازانج دەکەن، ئەوە خۆی لە پرۆسەکانی هاریکاری پەیوەندیدار بە پرسی ژینگە دەپارێزێت.

هەندێک لە ڕیاڵیستەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە زلهێزە گەورەکانی لەشێوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەهۆی هێز و کاریگەرییانەوە وایانکردووە کە پیسبوونی ژینگە و دەرهاویشتە و لێکەوتەکانی یاخوود ئەو ململانێیانەی بەهۆی پیسبوونی ژینگەوە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دروست دەبن، لەو ناوچانەدا سنوردار بکرێن کە لە بەرکەوتن بە بەرژەوەندییە ڕاستەوخۆکانی خۆیانەوە دوورن. ئەمەش وایکردووە کە لەلای ئەو جۆرە زلهێزانە هەندێکجار پرسەکانی پەیوەست بە پیسبوونی ژینگە وەک هەڕەشەی جەوهەری و سەرەکی سەیر نەکرێن[٢]. ئەمەش وادەکات کە بگوترێت پەیوەست بە تیۆری ڕیاڵیزم و بەتایبەت ڕیاڵیزمی نوێ و هێرشخوازی، لێکۆڵینەوە لەو پرسانەی دەکەونە پۆلێنی سیاسەت و پرسە نزمەکان، لەشێوەی ژینگە و هاریکاری پەیوەست بە بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا و بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما، ئەرکێکی کێشەدار بێت. هەروەک ئەوەی کە لە تێزەکانی واڵتز و مێرشایمەردا، جەختی زۆر دەخرێتە

[1] Anthony David Lott, Ibid, P. 75.

[2] Marc A. Levy, Is the Environment a National Security Issue? International Security, Vol. 20, No. 2, Fall, 1995, P. 36-37.

سەر پرسە ستراتیژیی و سەربازی و ئەمنییە باڵاکان، لە بەرامبەردا هاریکاری نێودەوڵەتی لەسەر پرسە نائەمنییەکانی لەشێوەی ژینگە وەک پرسێکی لاوەکی لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. نەک هەر ئەوە بەڵکو ئەگەر تیۆر و گریمانەکانی ئەوان بەسەر ئەو پرسەدا جێبەجێ بکرێت، دەبێت بگوترێت کە دەربارەی پرسی پیسبوونی ژینگە، زیاتر پێشبینی ڕوودانی کێبڕکێ و ململانێ دەکرێت، نەک هاریکاری لەپێناو بەرەنگاربوونەوەی مەترسی و هەڕەشەکانی[1].

بەگوێرەی ڕوانگەی ڕیاڵیزمی هێرشخواز، پرسی گەرمبوونی گۆی زەویی و هاریکاری سەبارەت بە ڕێگریکردن لە پیسبوونی ژینگەی جیهانی لە لایەن دەوڵەتانەوە، وەک دەرفەتێک مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت تاوەکو زیاتر خۆیان بەهێز بکەن و باشتر خۆیان بۆ ئەگەرە مەترسیدارەکانی گۆڕانی کەشوهەوا ئامادە بکەن[2]. نەک وەک پرسێکی ئەخلاقی لەپێناو بەرژەوەندی گشتی جیهانی و مرۆڤایەتی هەوڵی بەرەنگاربوونەوەی مەترسی و دەرهاویشتەکانی پیسبوونی ژینگە بدەن. بە مانایەکی دیکە ڕیاڵیستەکان و لەناویاندا، ڕیاڵیزمی هێرشخواز؛ هەوڵدانی دەوڵەتان بۆ بەدەستهێنانی هێزی زیاتر لەسەر حسابی لایەنکانی دیکە، وەک بنەمایەکی جێگیر دەبینن. ئەو بنەمایە وادەکات کە دەوڵەتەکان بەوپەڕی تواناوە هەوڵی بەدەستهێنانی وزەی ئاسان و هەرزانی لەشێوەی نەوت و گاز و خەڵوز بدەن، تاوەکو زۆرترین بڕی سوود و دەستکەوت و هێز بەدەست بهێنن. لەو دیدگایەوە هەوڵ و نیازی دەوڵەتەکان لەبری هاریکاری بۆ پاراستنی زەوی و دوورکەوتنەوە لە گۆڕانکارییە کارەساتبارە ژینگەییەکان بێت، هەوڵدانە بۆ بەدەستهێنانی ئاسایش و وزە و دەستکەوتی زیاتر لەسەر حسابی دەوڵەت و نەیارانی دیکە، ئەمەش ڕاستەوخۆ گوزارشتە لەسەر ئەوەی کە لە ڕوانگەی ڕیاڵیزمدا؛ دەوڵەتەکان پرسە ژینگەییەکان لە چوارچێوەی سیاسەتە نزمەکاندا دەهێڵنەوە بە بەراورد لەگەڵ دەستکەوت و ئامانج و بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان[3].

هەندێک لە لێکدانەوەکانی ڕیاڵیزمی هێرشخوازی بۆ ئەوە دەچن کە دەوڵەتەکان کاتێک بەشداری لە هەوڵە نێودەوڵەتییەکانی پەیوەست بە پیسبوونی ژینگە و دەرهاویشتەکانی دەکەن، بەو ئامانجەیە کە لە نەیارەکانیان باشتر و بەهێزتر؛ خۆیان بۆ مەترسییەکانی ئەو پرسە ئامادە بکەن. واتا لە بنەڕەتدا هەموویان دەیانەوێت لەوانی دیکە، بەهێزتر و ئەمینتر و پارێزراوتر بن، بگرە قازانجی خۆیان لە زیانی بەرامبەرەکانیاندا دەبیننەوە. خۆ ئەگەر دەوڵەتێک لەو پرەنسیپانە لابدات، ئەوە دووچاری خۆشباوەڕی بووەتەوە و لەلایەن دەوڵەتانی نەیارییەوە، ئەو خۆشباوەڕیەیی دەوڵەتی Aی وەک وەک دەرفەت بۆ بەرژەوەندییە نەتەوەییە تایبەتەکان لەلایەن دەوڵەتی Bییەوە دەقۆزرێتەوە. بۆ نموونە ئەگەر دەوڵەتێکی وەک ویلایەتە یەکگرتووەکان لەبری پەرەدان بە توانا سەربازییەکانی خۆی، پارە و هەوڵ و تێچووی زیاتر بۆ پرسە ژینگەییە جیهانییەکانی لەشێوەی پیسبوون، گەرمبوون، وشکەساڵی، لافاو و زریانەکان تەرخان بکات یاخوود دەردانی کاربۆن بە ڕێژەی بۆ نموونە ٢٥٪

[1] Anthony David Lott, Ibid, P. 52-53.
[2] Daniel Heffron, What do Realists Think about climate change?, London: Centre for Geopolitics & Security in Realism Studies, 2015, P. 9.
[3] Ibid, P. 9.

کەمبکاتەوە و تێچووی زیاتر بۆ بەرهەمهێنانی وزەی خاوێن و نوێبوەوە خەرج بکات. ئەوا دەوڵەتی چین ئەمە بە دەرفەتێک دەزانێت کە خەرجی و تێچووی زیاتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە توانا سەربازییە هێرشبەرییەکانی تەرخان بکات و گرنگی زیاتر بە ئامانج و بەرژەوەندییە نیشتیمانییەکانی خۆی بدات و، بەڕێژەی بۆ نموونە ٪٢٠ بەکارهێنان و دەردانی کاربۆن وەک وزەیەکی کەمتێچوو زیاتر بکات[١]. بۆیە بەگوێرەی تیۆری ڕیاڵیزمی هێرشخواز، نیاز و هەڵوێستی دەوڵەت و زلهێزە گەورەکان بەو ئاڕاستەیەیە کە ئاسایشی وزەیەیان زۆرتر و زیاتر بکەن، تەنانەت ئەگەر لەسەر حسابی ژینگەی جیهانیش بێت. بەپێچەوانەوە بە نیگەرانی و ڕەشبینییەوە دەڕواننە هاریکاری نێودەوڵەتی کە دەوڵەتان بە ئامانجی پاراستنی ژینگە و هەسارەی زەویی ئەنجامی بدەن[٢].

کەواتە بە کورت و پوختی دەکرێت بگوترێت لە ڕوانگەی ڕیاڵیزمی هێرشبەریدا، دەوڵەتان لە ڕوانگەی خزمەتکردن بە بەرژەوەندییە نیشتیمانییەکانی خۆیانەوە گرنگی بە پرسی ژینگە دەدەن. ئەگەر هاتوو گرنگیدان بە ژینگە خزمەتی ئامانج و بەرژەوەندییە نیشتیمانییەکان و فراوانتربوونی هەژموون و باڵادەستبوونیان بکات ئەوا گرنگی زیاتر بە ژینگە دەدەن، بەپێچەوانەوە ئەگەر دڵنیا بن لەوەی کە گرنگیدان بە پرسە ژینگەیی و مۆڕاڵییە جیهانییەکان لەسەر حسابی بەرژەوەندییە نیشتیمانیی و نەتەوەییەکانیان دەبێت، ئەوا خۆیان دەپارێزن لە تەرخانکردنی وزە و پارە و تێچوو و گرنگیپێدانیان بەو پرسانە، بەڵکو وەک پرسێکی لاوەکی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن.

**داخوازی چوارەم: ڕوانگەی ڕیاڵیزمی بەرگریکار Defensive Realism**

لایەنگرانی ڕیاڵیزمی بەرگریخواز، لە شرۆڤەکانیاندا سەبارەت بە گرنگی و باڵایی پرسی ژینگە و هاریکاری نێودەوڵەتی پەیوەست بە بەرەنگاربوونەوەی مەترسییەکانی پیسبوونی ژینگە لە نەوە جیاوازەکانی دیکەی ڕیاڵیزم و بەتایبەتیش ڕیاڵیزمی هێرشبەری؛ گەشبینترن. بەتایبەت بە پشتبەستن بە دەستەواژە سەرنجڕاکێشەکەی (ستیڤن واڵت، Stephen M. Walt) دەربارەی "هاوسەنگکردنی هەڕەشەکان[٣]"، پێیان وایە کە دەوڵەتەکان ناچارن ژینگە وەک هەڕەشەیەکی گرنگ و مەترسیدار وەربگرن. هەروەک گریمانەی ئەوە دەکەن کە سیستەمی نێودەوڵەتی هاندەرە بۆ چارەسەرکردنی گێژاوە ئەمنییەکان لەڕێگای کردەوە هاوبەشەکانەوە. یاخوود بەگوزارشتێکی دیکە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە دەوڵەتەکان لە پێناو مانەوە و بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا، هەنگاوی بەکۆمەڵ دەگرنەبەر بۆ هاوسەنگکردن و سنوردارکردنی هەڕەشەکان؛ بەرلەوەی زۆر بەهێزتر و مەترسیدارتر بن[٤].

هەندێک لە شرۆڤەکاران ئەو بۆچوونانەی ستیڤن واڵت؛ وا لێک دەدەنەوە کە مەترسییەکانی

---

[1] Daniel Heffron, Ibid, P. 9-10.

[2] Stavland Torstein, Great Power Cooperation on Climate Change: A Defensive Realist Perspective, University Leiden the Netherlands, 2022, P. 6.

[3] See: Stephen M. Walt, Alliance Formation and the Balance of World Power, International Security, Vol. 9, No. 4, Spring 1985.

[4] Katarzyana DoŚpial-Borysiak, Climate Security on the light of the Realist Paradigm as Part of the Theory of International Relations, Security Theory and Practice, No. 1, 2020, P. 24-25.

پیسبوونی ژینگە و گۆڕانەکانی کەشوهەوا، پێویستی بە کاری بەکۆمەڵ هەیە، ئەمەش ڕەنگە لە پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانەکانی کەشوهەوادا دەربکەوێت. بەو تێگەیشتنە بێت پرسی ژینگە لای ڕیاڵیزمی بەرگریخواز پێگەیەکی باڵاتر و شوێنێکی گرنگتری هەیە بە بەراورد لەگەڵ تیۆرە ڕیاڵیستەکانی دیکە. تەنانەت هەندێکجار هەڕەشەکانی پەیوەست بە ئاسایشی ژینگە و کەشوهەوا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەست دەکەنەوە لەگەڵ ئاسایشی سەربازی. یاخوود بەجۆرێکی دیکە مەترسییە سامناکەکانی پەیوەست بە پیسبوونی ژینگە و گۆڕانی کەشوهەوا وەک یەکێک لە مەترسییە زۆر کاریگەرەکانی جیهانی سەدەی بیست و یەکەم دەبینن. هەربۆیە هەندێکجار وەک پرسێکی هاوئاست یاخوود پەیوەست و پەیوەندیدار لەگەڵ پرسەکانی بەرژەوەندی نەتەوەیی و ئاسایش و مانەوەی دەوڵەتان مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن[١]. لە ڕوانگەی ڕیاڵیزمی بەرگریکاریدا، دەوڵەتان لەپێناو پارێزراوبوونی ئاسایشی خۆیان، پێویستە هەڕەشە ژینگەییەکان بە جددی وەربگرن و هەوڵی بەکۆمەڵ و هاریکاری هاوبەش بدەن بۆ کەمکردنەوە و سنوردارکردنیان؛ نەک تەنها بەدوای زۆرترین هێزدا بگەڕێن. واتا لە ڕوانگەی لایەنگرانی تیۆری بەرگریدا، ئەگەرەکانی ڕوودانی هاریکاری کراوەن و تەنانەت هەندێکجار هاریکاری ژینگەیی وەک دەرفەتێک بۆ دورخستنەوەی مەترسی و هەڕەشە ژینگەییەکان دەبینن[٢].

ستیڤن واڵت؛ لە وتارێکدا بە ناونیشانی "نەخشەڕێگای ڕیاڵیستی بۆ چارەسەرکردنی گۆڕانی کەشهەوا "The Realist Guide to Solving Climate Change"، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە مەترسییەکانی پیسبوونی ژینگە ئەوەندە سامناکن، ناکرێت وەک پرسی لاوەکی و لە چوارچێوەی سیاسەتە نزمەکاندا مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. هەربۆیە بە پێویستی دەزانێت کە هەوڵی بەردەوام و کاریگەر بدرێت بۆ پەروەردەکردن و وشیارکردنەوەی خەڵک سەبارەت بەوەی چی کارەساتێکی ژینگەیی سامناک لەبەردەم هەسارەی زەوی دایە. بەگوێرەی ستیڤن واڵت، کاتێک ئەو هۆشیارییە فراوانە لای خەڵک دەچەسپێنرێت هەم لە وڵاتە دیموکراسییەکاندا دەتوانرێت ئەو باوەڕە لای سیاسییەکان دروست بکرێت کە پشتگوێخستنی دەرهاویشتە مەترسیدارەکانی گۆڕانی کەشوهەوا ڕەنگە ببێتە هۆی دۆڕانیان لە هەڵبژاردنەکان. هەمیش لە دەوڵەتە دیکتاتۆرەکاندا ئەگەر هەیە دەسەڵاتە سیاسییەکان ڕووبەڕووی مەترسی ڕاپەڕینی جەماوەری بەرفراوان بکاتەوە[٣]. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ستیڤن واڵت دەڵێت نابێت ئەو ڕاستیانە لە خەڵک بشاردرێنەوە، کە بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە و مەترسییەکانی پرسێکی وەها گەورە و کاریگەر، پێویستی بە خەرجی و تێچوو و ئەرکی قورس دەبێت، بە تایبەت بۆ دەوڵەتە هەژارەکان و ئەو نەتەوانەی کە بژێویی ژیانیان لەسەر سوتاندنی سووتەمەنی بەردینە، گرنگیدان بەو کێشەیە و چارەسەرکردنی دەرهاویشتە نەرێنییەکانی؛

---

[1] Ibid, P. 29.

[2] Stavland Torstein, Ibid, P. 6-7.

[3] Stephen M. Walt, The Realist Guide to Solving Climate Change, Published Date: 13 August 2021 on Foreign Policy Site, Accessed 7 January 2023, available at the below link:- https://foreignpolicy.com/2021/08/13/realist-guide-to-solving-climate-change/

پڕ مەترسی و تێچوو و ئاستەنگ دەبێت[1].

لەلایەکی دیکەوە؛ بەهۆی ئەوەی کە زیادبوونی مەترسییەکانی پەیوەندیدار بە ئاسایشی ژینگەوە، کارلێک و کاریگەری لەسەر ئاسایشی مرۆیی، ئاسایشی خۆراک و ئابووری، بەرزبوونەوەی ئاستی ئاوی ڕووبار و دەریاکان، ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان، دواتریش تەنانەت لەسەر ئاسایش و مانەوەی دەوڵەتیش هەیە، ڕیاڵیزم ناتوانێت پێداگری بکات کە هەمیشە ژینگە لەلای دەوڵەتان هاوشێوەی پرسێکی لاوەکی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. لێرەدا هەندێک ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە جۆرێک لە پەیوەندی لەنێوان تێکچوونی ژینگە و زیادبوونی بێشوماری ژمارەی کۆچبەران هەیە، کاتێک شەپۆلی گەورەی پانەبەرانی ژینگەیی لە وڵاتە وشک و کەمدەرامەتەکانەوە ڕوو لەو وڵاتانە دەکەن کە خاوەنی ئابووری پێشکەوتووتر و ئاستی گوزەرانی باشترن. لە بەرامبەریشدا توانای وڵاتانی وەرگری پەنابەر لەگەڵ ئەو زیادبوونە نائاساییەیی ژمارەی دانیشتوان و وەڵامدانەوەی داواکاری و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە مرۆییەکان پێیان سنوردارە، بەجۆرێک لە جۆرەکان دەوڵەتی خانەخوێ دووچاری گرفت و کێشەی ئەمنی دەبێتەوە[2]. بەجۆرێک کە ناتوانرێت، وەک پرسێکی گرنگ و باڵا مامەڵە لەگەڵ کاریگەری و دەرهاویشتەکانی ئەو پرسەدا نەکرێت. بەتایبەت کاتێک دیاردەکە بەشێوەیەکی تەواو بەرفراوان دەبێت، ئەو دەوڵەتە نەک هەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ئابووری، بەڵکو ناسنامە و شوناسەکەشی دەکەوێتە مەترسییەوە. هەربۆیە واڵت، تەنانەت سەبارەت بە دەوڵەتە زلهێز و زۆر دەوڵەمەندەکانیش بە پێویستی دەزانێت کە هەوڵەکانیان لە بەرەنگاربوونەوە و سنوردارکردنی پیسبوونی ژینگەدا بخەنەگەڕ، بەتایبەت بۆ ئەوەی ئاسایشیان پارێزراو بێت و خۆیان لە شەپۆلی پەنابەرانی ژینگەیی و گۆڕانەکانی کەشوهەوا بپارێزن کە ئەگەر هەیە لەپێناو گەڕان بەدوای پەناگەیەکی ئارامدا ڕوو لە سنورەکانیان بکەن و ببەنە قورسایی و بارگرانی و مەترسی لەسەر لایەنی ئابووری و ئاسایش و ناسنامەیان. هەروەها تەنانەت لەپێناو بە سەلامەتی بەردەوامبوونی پەیوەندییە بازرگانییەکان و هەناردەکردنی کاڵا و شمەکەکانی ئابووریی گەشەسەندووی خۆیان بۆ وڵاتان و هاوردەکردنی بابەتە خۆراکی و کشتوکاڵییەکان لە وڵاتانی دیکەوە، وڵاتان پێویستییان بەوەیە کە گرنگی بە پاراستنی ژینگە و بەرگرتن لەو گۆڕانکارییە ژینگەییە سامناکانە بدەن[3].

کەواتا ڕیاڵیستە بەرگریکارەکان؛ نکوڵی لەوە ناکەن کە دەوڵەتەکان هەندێکجار، مەترسییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا، وەک بەشێکی سەرەکی لە بەرنامەی کاری سیاسەتی نێودەوڵەتی و پەیوەندیدار بە هەڕەشە و پرسە ئەمنییەکان تەماشا دەکەن. ئەمەش بەهۆی ئەوەی ئەگەر ڕێگە نەگیرێت لە بەرزبوونەوەی بەردەوامی پلەکانی گەرما، کارەساتێکی ژینگەیی هاوشێوەی هەڕەشەیەکی سەرانسەری جیهانی ڕووبەڕووی سەرجەم دەوڵەتان و مرۆڤایەتی دەبێتەوە، کە لەوانەیە تەنانەت بە

---

[1]Ibid.

[2] Josh Gellers, Climate Change and Environmental Security: Bring Realism Back In, SSRN Electronic Journal, 2010, P. 15. and Stavland Torstein: Ibid, P. 4.

[3] Stephen M. Walt, The Realist Guide to Solving Climate Change, Ibid.

بەهێزترین توانا سەربازییەکانی دەوڵەتەکانیش نەتوانرێت بەری پێبگیرێت[1]. هەرچەندە وەرگرتنی مەترسییەکانی ژینگە هاوشێوەی پرسێکی باڵا و هاریکاری بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەرهاویشتەکانی؛ لەلای زۆرێک لە ڕیاڵیستەکان بەهۆی سیستەمی ئەنارشی و خۆپەرستی دەوڵەتان تاڕادەیەک قورس و زەحمەتە، باڵام هێشتا هەندێک لە نوسەران و شرۆڤەکارە ڕیاڵیستەکان و بەتایبەت ڕیاڵیستە بەرگریکارەکان، پیسبوونی ژینگە و بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما وەک هەڕەشەیەکی جیهانی و پرسێکی سنوربەزێن و تەنانەت وەک گەورەترین مەترسی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەسەر ئاسایشی درێژخایەنی هەموو دەوڵەتەکان تەماشا دەکەن. بۆ بەرگرتن لەو مەترسییەش چارەسەری سنوربەزێن و هاریکاری نێودەوڵی و بەرزکردنەوەی پێگەی ژینگە لە پرسێکی لاوەکییەوە بۆ پرسێکی ستراتیژی بە پێویست دەزانن، چونکە پێیان وایە مەترسییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا دەبێت بخرێنە سەرووی نیگەرانیی و گومانەکان لە هاریکاری نێودەوڵەتی[2]. کاتێک دەوڵەت گەیشتن بە هێز و ئاسایشی نەتەوەیی وەک ئامانجێکی باڵا و ستراتیژی خۆی دادەنێت، دەبێت ئەو هێز و دەسەڵاتە لەپێناو گەیشتن بە ئامانجی مرۆیی گەورەتر و گشتگیرتری لەشێوەی بەرەنگاربوونەوەی پیسبوونی ژینگە و گۆڕانە مەترسیدارەکانی کەشوهەوا بەکاربهێنێتەوە[3].

بەگوێرەی بیروڕاکانی ستیڤن واڵت؛ هێشتا سیاسەتی نێودەوڵەتی بە پلەی یەکەم لەڕووی زلهێزەکانەوە هەڵدەسەنگێنرێت. سیاسەت و کرداری بەشێک لەو زلهێزانەیە کە ئەو ڕووداوانە لە قالب دەدەن کە لەسەر هەسارەی زەوی ڕوودەدەن. پێداگری دەکات کە ئەوە زلهزەکانن گەورەترین زیانیان بە بەرگەهەوا و ژینگەی جیهانی گەیاندووە و چارەسەری کێشەکەش هەر پەیوەستە بە سیاسەت و ڕەفتاری ئەوانەوە. ئەمە زیاتر درێژ دەکاتەوە تا ئەو ئاستەی کە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کۆنفرانس و لوتکە گشتگیرەکانی پەیوەست بە بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانەکانی کەشوهەوا کە سەرجەم ئەندامانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەخۆی دەگرێت، هێندەی سیاسەت و کۆڕبەندی لوتکەی وڵاتانی G-7 و G-20 لەپێناو بەرەنگاربوونەوەی ئەو مەترسیانە گرنگ نیە. ڕێککەوتن لەنێوان ٥، ٧ و ٨ و ١٠ و تەنانەت ٢٠ گەورەترین زلهێزدا کە هەرچەند گەورەترین دەردەری گازی ژەهراویی و گەرمخانەیی بن، بە ئاسانتر و بەرهەمدارتر دەزانێت، بە بەراورد لەگەڵ هەوڵی تەواوی دەوڵەتانی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان[4].

لە بەرامبەردا، هەندێک ئەو بۆچوونانەی ڕیاڵیزمی بەرگریکار سەبارەت بە پرسی ژینگە وەک پرسێکی باڵا؛ بە بۆچوونی ڕیاڵیستی ڕاستەقینە نازانن. بۆ ئەمەش ئەوە بە نموونە دەهێننەوە کە تاوەکو ئێستاش دەوڵەتە زلهێز و پێشکەوتووەکانی باکووری جیهان، ئامادەییەکی ئەوتۆیان تێدا نییە کە قوربانی بە ئابووری و خۆشگوزەرانی خۆیان بدەن یاخوود خەرجی و تێچووی زۆری خۆیان

[1] Daniel Heffron, Ibid, P. 7-8.

[2] Anatol Lieven, Climate Change and the nation state: the realist case, Environmental Politics, Vol. 30, ISS. 4, 2021, P. 681.

[3] Anatol Lieven, Ibid, P. 681.

[4] Stephen M. Walt, The Realist Guide to Solving Climate Change, Ibid.

بخەنەگەڕ لەپێناو ئەوەی کە دەوڵەتانی هەژار و تازەگەشەسەندووەکانی دیکە بۆ نموونە لە باشووری جیهان، بتوانن گەشە بکەن و پارێزراوتر بن و دانیشتوانیان لە هەژاری ڕزگاریان ببێت. ئەمەش لەبەرئەوەیە کە لە ڕوانگەی ڕیاڵیستە ڕاستەقینەکاندا، گەشەی ئابووری و خۆشگەزەرانی و هێزی نەتەوەیی ئامانجی باڵان، نەک پرس و بابەتە ئەخلاقی و ژینگەییە جیهانییەکان. هەروەک ئەوەی کە دۆناڵد ترەمپی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کشانەوەی وڵاتەکەی لە ڕێککەوتننامەکانی کەشوهەوای پاریس هەڵبژارد. لەبەرئەوەی پێیوابوو کە پابەندبوونی ئەمریکا و تەرخانکردنی خەرجی و تێچوونی بە وەها ڕێککەوتنێک لەسەر حسابی ئابووری و بەرژەوەندییە نیشتیمانییەکانی دەبێت، لە بەرامبەردا دەوڵەتە پیشەسازییە کێبڕکێکارەکانی لەشێوەی چین، قازانج دەکەن[1]. ئەمە ڕەنگە گونجاو بێت لەگەڵ ئەو تێز و شرۆڤانەی ڕیاڵیستە هێرشخوازەکان کە پێیان وابوو دەوڵەتەکان بەهۆی ڕەچاوکردنی دەستکەوتە ڕێژەییەکان و ترس و گومان لە قازانجی کێبڕکێکارەکانیان، زۆربەی جار خۆیان لە هاریکاری نێودەوڵەتی تەنانەت سەبارەت بە پرسە زۆر گەورە و گەرمەکانی جیهانیش دەپارێزن.

**داخوازی پێنجەم: ڕوانگەی ڕیاڵیزمی کلاسیکی نوێ Neoclassical Realism**

تیۆری ڕیاڵیزمی کلاسیکی نوێ، لە لێکدانەوەکانیدا سەبارەت بە ئاستی گرنگیدانی دەوڵەتان بە پرسە ژینگەیی و ئەخلاقییەکان، جەخت دەخاتە سەر ئاستەکانی تاکەکەسی، ناوخۆیی و سیستەمی نێودەوڵەتی. بەپێچەوانەی تیۆرەکانی دیکە؛ ئەم نەوەیەیی ڕیاڵیزم ڕۆڵی فاکتەرە ناوخۆییەکان لەسەر ڕەفتار و وەڵامی دەوڵەتەکان بۆ هەڕەشە و مەترسییە ژینگەییەکان لەبەرچاو دەگرێت. شوێلەر؛ ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە کردەوەی هاوبەش سەبارەت بە پرسە ژینگەییەکان و گۆڕانی کەشوهەوا، لە توانا ناوخۆییەکانی دەوڵەتەکانەوە سەرچاوە دەگرێت[2]. کەواتا ڕیاڵیزمی کلاسیکی نوێ؛ لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی فاکتەرە دەرەکی و نێودەوڵەتییەکانی لەشێوەی پاشاگەردانیبوون و گرنگیدانی دەوڵەتان بە دەستکەوتە ڕێژەییەکان و ڕەنگدانەوەیان لەسەر ئاستی هاریکاری و گرنگیدان بە پرسە ژینگەییەکان و گۆڕانی کەشوهەوا، ڕۆڵی فاکتەرە ناوخۆییەکانیش لەبەر چاودەگرن. لێرەدا گریمانەی ئەوە دەکەن کە ڕەنگە ئاستی گرنگیدانی حزب و هێزە سیاسییە ناوخۆییەکان یاخوود سەرکردە و دروستکەرانی بڕیاری دەوڵەت بە پرس و بابەتە ئەخلاقییەکان و هاریکاری سەبارەت بە پرسە ژینگەییەکان لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە یان لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی دیکە بگۆڕێت[3].

هەر پەیوەست بە لەبەرچاوگرتنی ڕۆڵی فاکتەرە ناوخۆییەکان لەسەر ڕەفتاری دەوڵەتەکان بەرامبەر پرسە ژینگەییەکان، تیۆری ڕیاڵیزمی کلاسیکی نوێ؛ جیاوازی دەکات لەنێوان سیاسەتی

---

[1] Anatol Lieven, Ibid, P. 681.

[2] Mark Purdon, Neoclassical Realism and International Climate change politics: Moral imperative and political constraint in International Climate finance, Journal of International Relations and Development, Vol. 20, ISS. 2, 2017, P. 4.

[3] Ibid, P. 4.

دەرەوەی دەوڵەتە دیموکراسی و سۆشیالیستییەکان. لەو ڕووەوە پێیان وایە کە وڵاتە دیموکراسییەکان یاخوود ئەو سەرکردە و حزبە سیاسییانەی کە لەڕێگای هەڵبژاردنەوە هاتوونەتە سەر حوکم، بەهۆی ئەوەی ماوەیەکی کەم لە پۆستەکانیاندا دەمێننەوە، پەلەی ئەوەیانە کە لەو ماوە کەمەدا ڕەزامەندی دەنگدەرەکانیان بەدەست بهێنن بۆ ئەوەی دووبارە هەڵببژێرێنەوە. ئەمەش وایان لێدەکات کە سەرنجیان زیاتر لەسەر دەستکەوتە خێرا و ئاسنترەکان بێت، تەنانەت ئەگەر لەسەر حسابی پیسبوونی ژینگەش بێت. ئەوە بە نموونە دەهێننەوە کە زۆربەی جار ئەو سەرکردە سیاسییانە لەپێناو بەدەستهێنانی دەستکەوتی ئابووری زیاتر بۆ هاوڵاتیان و دڵخۆشکردنیان و بەدەستهێنانی ڕەزامەندی و دەنگەکانیان، لەبری پاراستنی ژینگە، ڕەنگە هەڵپەی زیاتر بۆ بەکارهێنانی کاربۆنی زیاتر و ئەو سەرچاوە و پێداویستیانە بکەن کە خێراتر و ئاسانتر بەدەست دەهێنرێن و تێچووی کەمتر و دەستکەوتی ئابووری زیاتر دەستبەر دەکەن. هەرلەبەرئەوەشە کە سکرتێری جێبەجێکاری ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گۆڕانی کەشوهەوا (UNFCC)، لە لێدوانێکیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە دەوڵەتە دیموکراسییەکان، ژینگە وەک پرسێکی لاوەکی دەبینن، وەک ئەوەی کە لە لێدوانێکدا دەڵێت "دیموکراسی سیستەمێکی سیاسی ناچالاکە بۆ بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانکارییەکانی پەیوەست بە گەرمتربوونی گۆی زەوی"[1]. بەڵام لە وڵاتە سۆسیالیستی و دیکتاتۆرییەکاندا، یاخوود لەو وڵاتانەدا کە سەرکردە و بڕیاربەدەستانی لەڕێگای هەڵبژاردنەوە نەهاتوونەتە سەر حوکم و، سەرکردە و پارتە سیاسییەکان بۆ ماوەیەکی زیاتر لە دەسەڵاتدا دەمێننەوە، بەهۆی ئەوەی ترسی هەڵبژاردن و لادرانیان بە ڕێگایەکی دیموکراسی و ئاسان لە ئارادا نییە، سەرکردەکان باشتر دەتوانن سیاسەتەکانیان بە ئاراستەی هاریکاری ژینگەیی و کەمکردنەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی گۆڕانکاری کەشوهەوا بخەنەگەڕ، بەبێ ئەوەی ڕووبەڕووی نارەزایەتی ڕای گشتی و شکست لە هەڵبژاردنەکاندا؛ ببنەوە[2].

ئەگەرچی ڕەنگە زۆرێک لە وڵاتە پیشەسازی و دیموکراسییە گەورەکانی جیهان خۆیان سەرچاوەیەکی سەرەکی پیسبوونی ژینگەی جیهانی بن یاخوود وەک پێویست چالاک نەبن لە خستنەگەڕی هێز و هەوڵیان بۆ پاراستنی ژینگە لە پیسبوون، هێشتا ئەو بۆچوونەی سەرەوە دەکرێت لەو ڕووەوە ڕەخنەی لێبگیرێت کە لەڕاستیدا، وڵاتە نادیموکراسی و دیکتاتۆرییەکانیش ناکرێت بە وڵاتی ژینگەدۆست یان پارێزەری ژینگەی جیهانی دابنرێن. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت بگوترێت کە ڕیاڵیزمی کلاسیکی نوێ، بە جیاواز لەگەڵ ڕیاڵیزمی نوێ؛ پێی وانیە کە دەوڵەتەکان هەموویان هاوشێوەی یەکتر مامەڵە لەگەڵ پرسە سیاسییە نێودەوڵەتییەکاندا بکەن. بەڵکو جیاوازی ئایدۆلۆژیا و سیستەمی سیاسی و تێگەیشتنی دروستکەرانی بڕیاری سیاسی و فاکتەرە ناوخۆییەکانی دیکە، وادەکەن ئاستی گرنگیدانی دەوڵەتان بەو پرسانە جیاواز بێت.

لەلایەکی دیکەوە، هەندێک پێیان وایە کە سیاسەت و هەڵوێستی دەوڵەتەکان سەبارەت بە دانوستان و کۆنگرە و کۆنفرانسە ژینگەییەکان بەهۆی سەرچاوەکانی وزەیانەوە لە قاڵب دراون.

[1] Daniel Heffron, Ibid, P. 11-12.
[2] Ibid, P. 12.

لێرەدا سەرنج دەخەنە سەر ئەوەی کە ئەو دەوڵەتانەی پێویستیان بە هاوردەکردنی سەرچاوەکانی وزەیە، زیاتر پێداگری لەسەر کەمکردنەوەی دەردانی گازی گەرمخانەیی و کاربۆن و بەکارهێنانی ئامرازەکانی پیسکردنی ژینگە دەکەنەوە. بەڵام ئەو دەوڵەتانەی کە لە ناوخۆی خۆیاندا خاوەنی سەرچاوەی وزەی تایبەتی خۆیانن، کەمتر گرنگی بە کەمکردنەوەی گازە ژەهراوییەکان دەدەن. بگرە ئەگەر دەوڵەتانی جۆری یەکەم سەربەخۆیی و پارێزرابوونی ئاسایشیان لە کەمکردنەوەی بەکارهێنانی سەرچاوەکانی وزەدا ببیننەوە. جۆری دووەمی وڵاتان، کەمکردنەوەی بەکارهێنانی سەرچاوەکانی وزە بە کەمکردنەوەی سەربەخۆییان و دابەزینی ئاسایشییان لێک دەدەنەوە[1]. هەربۆیە لایەنگرانی ڕیالیزمی کلاسیکی نوێ لە لێکدانەوەکانیاندا، تیشک دەخەنە سەر ئەوەی کە سەرکردە سیاسییەکانی دەوڵەتان مەحکومن بەوەی کە وریایی هەوڵە نێودەوڵەتییەکان بن و حساب لەسەر ئەگەری ڕوودانی ڕووداوە نائاساییەکانی داهاتوو بکەن و سەرچاوە ناوخۆییەکانیان بپارێزن. هەروەک لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش پێویست دەبێت سیاسەتی دەوڵەتەکانیان لەگەڵ گۆڕانی کەشوهەوادا بگونجێنن. بگرە ڕەنگە هەندێکجار وا لە دەوڵەتەکان بکات کە پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان لەو خۆگونجاندنەدا ببیننەوە[2].

کەواتە ئاڕاستە جیاوازەکانی تیۆری ڕیالیزم، کۆکن لەسەر ئەوەی کە پرس و بابەتە ئاکاری، مرۆیی، تەندروستی و ژینگەییەکان؛ پێگە و شوێنێکی لاوەکی یاخوود نزمتر لە سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتاندا دەگرن بەبەراورد لەگەڵ پرسە باڵا و ستراتیژییەکانی پەیوەندیدار بە بەرژەوەندی و ئاسایش و مانەوە و هەژموون و باڵادەستی خۆیانەوە. بەڵام لە ڕوانگەی تیۆری ڕیالیزمی کلاسیکەوە کاتێک ئەو پرس و بابەتانە خزمەتی زیادکردنی هێزی نیشتیمانی دەوڵەت دەکەن، یاخوود لە ڕوانگەی ڕیالیزمی نوێ و هێرشخوازییەوە ئەگەر خزمەتی گرەنتیکردنی زیاتری ئاسایش و مانەوەی دەوڵەت و بەهێزکردنی پێگە و هەژموون و زیادکردنی هێزی ڕێژەیی بکەن، ئەوا ئاستی گرنگیدانی دەوڵەتەکان بەو پرسە مرۆیی و ئەخلاقیی و ژینگەییانە زیاد دەکات. بەپێچەوانەوە ڕوانگەیەکی ڕەشبینانەیان سەبارەت بە هاریکاری نێودەوڵەتی دەربارەی ئەو پرسانە و بەرەنگاربوونەوەی مەترسی و دەرهاویشتەکانیان هەیە. بەڵام ڕوانگەی ڕیالیزمی بەرگریکار گەشبینترە لەسەر ئەوەی کە مەترسی و هەڕەشە ژینگەییەکان ئەوەندە گەورە و کاریگەرن، دەوڵەتان ناچارن هاوشێوەی پرسی باڵا مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن، بەپێچەوانەوە بەبێ بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە ژینگەییەکان پێیان وایە دەوڵەتان ناتوانن گەرەنتی مانەوە و ئاسایشی خۆیان بکەن. هەرچی ڕیالیزمی کلاسیکی نوێیە، ڕۆڵی فاکتەرە ناوخۆییەکانی لەشێوەی جۆری سەرکردەکان و ئایدۆلۆژیا سیاسییەکان و سیستەمە سیاسییەکان، لەسەر ئاستی گرنگیدان بە پرسە سیاسییە نێودەوڵەتییەکانی لەشێوەی ژینگە و گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا و بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما لەبەرچاو دەگرن.

---

[1] Jeb Shannon Blain, International Climate Change Negotiations: The Role of Power, Preferences, and Information in Negotiation Outcomes, Thesis Master of Arts in International Affairs, California State University, 2010, P. 11.

[2] Mark Purdon, Ibid, P. 4-5.

## دەرئەنجامەکان:-

١. ئاراستە جیاوازەکانی تیۆری ڕیاڵیزم، کۆکن لەسەر ئەو گریمانەیەیی کە پرسە نێودەوڵەتییەکان لەلایەن دەوڵەت و ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکانەوە، بە ڕیزبەندییەکی هەرەمی بۆ دوو پۆلی سەرەکی دابەش دەبن کە بریتین لە پرسە باڵا و پرسە نزمەکان.

٢. لە ڕوانگەی ئاراستە جیاوازەکانی تیۆری ڕیاڵیزمدا، پرسە باڵاکان پەیوەستن بە پرسە سەربازییەکان و بەرژەوەندی و ئاسایشی نەتەوەیی؛ لەشێوەی مانەوە و هەژموون و باڵادەستی دەوڵەت. پرسە لاوەکییەکان زیاتر بابەتەکانی لەشێوەی پرسە ئابووری، تەندروستی، مۆڕاڵی و ژینگەییەکان دەگرێتەوە.

٣. سەرەڕای هاوڕایی و نزیکی گریمانە و تێزەکانیان بەڵام ڕوانگە و جیهانبینی تێزەکانی ڕیاڵیزمی هێرشخواز لە هەموویان توندترە سەبارەت بە گرنگیدانی دەوڵەت بە پرسە نەتەوەیی و نیشتیمانییە تایبەتییەکانی خۆیی و هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی هەژموون و گەیشتن بە قۆناغی زاڵبوونی جیهانی وەک ئامانجی هەرە باڵا. لە بەرامبەردا ڕوانگە و دنیابینی ڕیاڵیزمی بەرگریکار، لە ئاراستە تیۆرییە ڕیاڵیستەکانی دیکە گەشبینترە، کاتێک پێیان وایە کە دەکرێت دەوڵەت لە ڕێگای پەیڕەوکردن لە سیاسەتی بەرگریکاری و ئەنجامدانی هاریکاری لەگەڵ ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکانی دیکەدا، گرنگی بە بەرژەوەندیی و ئامانجە نیشتیمانییەکانی خۆیی و پرسەکانی پەیوەست بە ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتیش بدات.

٤. زۆربەی ئاراستە جیاوازەکانی تیۆری ڕیاڵیزم هاوڕان لەسەرئەوەی کە پرسی ژینگە دەکەوێتە چوارچێوەی پرسە لاوەکییەکان و لە پۆلێنکاری هەرەمی پرسەکاندا لەلای دەوڵەتان، پێگە و شوێنێکی نزمتر و لاوەکیتر دەگرێت بە بەراورد لەگەڵ پرسە سەربازییەکان و بەرژەوەندی و ئاسایشی نەتەوەیی و مانەوە و هەژمونی دەوڵەتدا.

٥. ژینگە؛ کاتێک خزمەتی ئاسایش و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی دەوڵەت بکات، یان وردتر لە ڕوانگەی ڕیاڵیزمی کلاسیکدا، کاتێک خزمەتی زیادکردنی هێزی نیشتیمانی دەوڵەت و، لە ڕوانگەی ڕیاڵیزمی نوێدا کاتێک خزمەتی گەرەنتیکردنی زیاتری مانەوەی دەوڵەت بکات، پێگە و ئاستی گرنگیپێدانەکانی لەلای دەوڵەتانەوە زیاتر دەبێت. بەپێچەوانەوە لە چوارچێوەی پرسە نزمەکاندا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.

٦. ڕوانگەی تیۆری ڕیاڵیزمی هێرشخوازی زۆر توندە لەسەر ئەوەی کە ئاستی گرنگیدانی دەوڵەتان بە پرسی ژینگە تەنها کاتێک زیاد دەکات ئەگەر بزانن ئەو پرسە خزمەت بە ئاسایش و هەژموون و باڵادەستبوونی زیاتریان دەکات. لە بەرامبەردا لە ڕوانگەی تیۆری ڕیاڵیزمی بەرگریکاردا، هەڕەشە و دەرهاویشتە مەترسیدارەکانی پیسبوونی ژینگە و گۆڕانی کەشوهەوا ئەوەندە گەورە و کاریگەرن، کە دەوڵەتان زۆرجار بەبێ گرنگیدانێکی باڵا بەو پرسانە، ناتوانن گەرەنتی پارێزراوبوونی ئاسایش و مانەوەی خۆیان بکەن. هەرچی پەیوەندیدارە بە ڕوانگەی ڕیاڵیزمی کلاسیکی نوێ، ئەوا ئاستی گرنگیدانی دەوڵەتان بە پرسی ژینگە پەیوەست دەکەنەوە بە جۆری سیستەمی سیاسی و فاکتەرە ناوخۆییەکانی دەوڵەتانەوە.

# لیستی سەرچاوەکان:-

## یەکەم: بە زمانی ئینگلیزی:-

### ا. کتێبەکان:-


1. Anthony David Lott, Neorealism and Environmental Cooperation: Towards a Structural Explanation of International Environmental Matters, Master Theses of Arts in Political Science, Portland State University, 1996.
2. Daniel Heffron, What do Realists Think about climate change?, London: Centre for Geopolitics & Security in Realism Studies, 2015.
3. E. H. Carr, The Twenty years' Crisis 1919_1939: An Introduction to the Study of International Relations, Second Edition, London: Macmillan & CO. LTD, 1946.
4. Farah Naaz, Role of National Interest, from: Rumki Basu: (Editor): International Politics: Concepts, Theories and Issues, New Delhi: SAGE Publications India Pvt Ltd, 2012.
5. Hans J. Morgenthau, Politics Among Nations (The Struggle for Power and Peace), First Volume, Sixth Editions, Beijing: Peking University Press, no Year.
6. Jack Donnelly, Realism and International Relations, UK: Cambridge University Press, 2004.
7. Jeb Shannon Blain, International Climate Change Negotiations: The Role of Power, Preferences, and Information in Negotiation Outcomes, Thesis Master of Arts in International Affairs, California State University, 2010.
8. Jhon J. Mearsheimer, The Tragedy of Great Power Politics, New York: Norton & Company, 2001.
9. Kenneth N. Waltz, Theory of International Politics, USA: Addition-Wesley Publishing Company, 1979.
10. Manuela Spindler, International Relation (A Self-Study Guide to Theory), Germany: Barbara Budrich Publishers, 2013.
11. Robert J. Art and Robert Jervis, International Politics: Enduring Concepts and Contemporary Issues, Thirteenth Edition, New York: Pearson Education, 2016.
12. Shiping Tang, A theory of Security Strategy for our time; Defensive Realism, USA: Palgrave Macmillan, 2010.
13. Stavland Torstein, Great Power Cooperation on Climate Change: A Defensive Realist Perspective, University Leiden the Netherlands, 2022.
14. Stephen Van Evera, Causes of War: Power and the Roots of Conflict, London:

Cornell University Press, 1999.

**ب. گۆڤارەکان:-**

15. Anatol Lieven, Climate Change and the nation state: the realist case, Environmental Politics, Vol. 30, ISS. 4, 2021.
16. Darko Trifunović and Milica ćurčić, National Interest in Security Science: A Realist Perspective, The Journal of National Security and the Future, Vol. 22, No. 3, 2021.
17. Glenn H. Snyder, Mearsheimer's Word- Offensive Realism and the Struggle for Security: A Review Essay, International Security, Vol. 27, No. 1, Summer 2002.
18. Jeremy Youde, High Politics, Low Politics, and Global Health, Journal of Global Security Studies, Vol. 1, ISS. 2, 2016.
19. Josh Gellers, Climate Change and Environmental Security: Bring Realism Back In, SSRN Electronic Journal, 2010.
20. Katarzyana Do[illegible]pial-Borysiak, Climate Security on the light of the Realist Paradigm as Part of the Theory of International Relations, Security Theory and Practice, No. 1, 2020.
21. Kenneth N. Waltz, Evaluating Theories, The American Political Science Review, Vol. 91, No. 4, Dec 1997.
22. Kenneth N. Waltz, Evaluating Theories, The American Political Science Review, Vol. 91, No. 4, Dec 1997.
23. Kenneth N. Waltz, International Politics is not Foreign Policy, Security Studies, Vol. 6, No. 1, 1996.
24. Kenneth N. Waltz, Structure Realism After the Cold War, International Security, Vol. 25, No. 1, Summer 2000.
25. Marc A. Levy, Is the Environment a National Security Issue? International Security, Vol. 20, No. 2, Fall, 1995.
26. Mark Purdon, Neoclassical Realism and International Climate change politics: Moral imperative and political constraint in International Climate finance, Journal of International Relations and Development, Vol. 20, ISS. 2, 2017.
27. Randall L. Schweller, Neorealism's Status-Qu Bias: What Security Dilemma? Security Studies, Vol. 5, No. 3, 1996.
28. Robert Jervis, Cooperation Under the Security Dilemma, Word Politics, Vol. 30, No. 2, Jan. 1987.

29. Sean Kay, Globalization, Power, and Security, Security Dialogue, Vol. 35, No.1, March 2004.
30. Stephen M. Walt, Alliance Formation and the Balance of World Power, International Security, Vol. 9, No. 4, Spring 1985.

**ج. ئینتەرنێت:-**

31. Stephen M. Walt, The Realist Guide to Solving Climate Change, Published Date: 13 August 2021 on Foreign Policy Site, Accessed 7 January 2023, available at the below link:-
https://foreignpolicy.com/2021/08/13/realist-guide-to-solving-climate-change/

**دووەم: بە زمانی عەرەبی:-**

**ا. کتێب:-**

٣٢. د. خالد حنفي علي، الأوبئة ونظريات العلاقات الدولية.. اختيار تفسيري، مجلة السياسة الدولية، العدد: ٢٢١، المجلد ٥٥، يوليو ٢٠٢٠.
٣٣. هانز جي. مورجنثاو، السياسة بين الأمم: الصراع من أجل السلطان والسلام، ت: خيري حماد، الجزء الثاني، الدار القومية للطباعة والنشر، بدون سنة.

**ب. گۆڤار:-**

٣٤. وصفي محمد عقيل، التحولات المعرفية للواقعية واللبرالية في نظرية العلاقات الدولية المعاصرة، مجلة دراسات العلوم الإنسانية والاجتماعية، تصدر عن عمادة البحث العلمي وضمان الجودة- الجامعة الأردنية، المجلد ٤٢، العدد ١، ٢٠١٥.